گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1384(PP 226-243)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.12

توێژینەوە

# هێماکانی توندڕەوی ئایینی لە گوتاری ئایینیدا وتاری ڕۆژانی هەینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە نموونە

**هیوا احمد عزیز**/ بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق.

**میدیا ابراهیم فتاح**/ بەشی کۆمەڵناسی ،فاکەڵتی ئاداب ،زانکۆی سۆران

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری نۆرمەن فێرکلاف، هەر چوار دەقی وتاری وەرگیراو(وتاری ڕۆژانی هەینی ) لە مزگەوتەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین، شیبکاتەوە، کە سەرجەمیان بەهۆی بارودۆخی گوتارییەوە تایبەتن بە ئاهەنگی سەری ساڵ و بەژداری کردنی موسوڵمانان لەم ئاهەنگە و پرسی دروستی و نادروستی(حلال و حرام) لەلایەک و (تکفیر) و بەکافرکردنی بەژداربوانی موسوڵمان لەلایەکیتر، کە ئەمەش وەکو نیشانە و دەرخەرێکی گوتاری و زمانەوانی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری توندڕەوی لێکدەدرێتەوە لە ناو کۆمەڵگا و پەرەسەندنی بیری توندڕەوی لەلای گەنجان، وەکو کاریگەریەکی گوتاری لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی.

CORRESPONDENCE
هیوا احمد عزیز
hiwa.a.aziz@su.edu.iq

وەرگرتن 2023/07/09
پەسندکردن 2023/08/21
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
گوتار،
گوتاری ئایینی،
توندڕەوی ،
توندڕەوی ئایینی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1. پێشەکی :**

گوتاری ئایینی (وتاری مزگەوتەکان ) وەکو دامەزراوەیەکی ئایینی و پەروەردەیی کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە لە ئاراستە و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا، بەواتایەکیتر ئایین وەکو ستراکچەری کۆمەڵایەتی بەژدارێکی کارایە لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی تاک. بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین و بەها ئایینیەکان برەوێکی باشیان هەیە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا. گوتاریش وەکو ئامرازێکی کۆمەڵایەتی بووەتە ئامێرێکی بەهێز وەکو کردەیەکی زمانەوانی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە و بەجێهێنانی ئامانجەکانی و مۆنۆپۆڵکردنی و ئاراستەکردنی کردار و ڕەفتاری تاک و سنوردارکردنی ئازادیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و تەنانەت ئابوریەکانیشی.

ئەو بارو دۆخە کە لەم دوو دەیەی کۆتای لە ناوچەکەو بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ سەرهەڵدانی گوتاری ئاینی جۆراو جۆری وەکو ( سەلەفی و ئیسلامی سیاسی ) ئەمەش لە دەرەنجامی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە هەر یەکەیان بە نۆرەی خۆیان هۆکار بوون بۆ درووستبونی ئەم گوتارانە لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش وەکو نێوان دەقی و نێوان گوتاری، کە فێرکلاف ناویدەبات ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی دەق و گوتاری جۆراوجۆر کە کاریگەریان هەیە لە سەر واقعی کۆمەڵایەتی لەلایەک و بە پێچەوانەشەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم واقعە کۆمەڵایەتیە.

**2. ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەی چەمکەکان**

**2. 1 گرفتی توێژینەوە:**

لەکۆمەڵگەی کورديدا گوتاری ئایینی وبەتایبەت وتاری رۆژانی هەینی بایەخیکی زۆری هەیە لای تاکەکان وپابەندییەکی زۆر دەبینین لە ئامادەبوون لەمزگەوەکان بۆ گوێگرتن لە وتاری رۆژی هەینی[1] بەتایبەت گەنجان. بۆیە زۆر جار دەبێتە سەرچاوە ومەرجع بۆ تێگەیشتن لە پرسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وپۆلێنکردنی مەسەلەی حەڵاڵ وحەرام، هەندێجار جۆری وتار رەنگە ئاراستەی پرسەکان بەشیوەیکی بەرچاو بگۆڕن وبەرەو ڕێچکەیەکی تەواو جیاوازی ببەن ئەمەش بەپێی هزر وئایدیۆلۆژیای وتاربێژ وتیگەیشتنی لە کۆی پرسەکە، دواجار کاریگەری ئەم وتارانە لەسەر کردەی کۆمەڵایەتی رەنگە ببێتە مایەی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی یان خوڵقاندنی هزری توندرەویی ئایینی. لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخرێتە سەر وتاری رۆژانی هەینی وچۆنیەتی رۆڵ بینینی لە ئاراستەکردنی گەنجان بەرەو توندڕەویی ئایینی . لەسەر ئەم بنەمایەش هەوڵدەدات وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، کە وەک و گفتی ئەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو کە ئایە گوتاری ئایینی (وتاری ڕۆژانی هەینی) کاریگەریان نیيە لەسەر دروستکردنی بیری توندڕەوی لای گەنجان؟

ئایە پلەی(ئاستی) بکارهێنانی هێماکانی توندڕەوی ئایینی لە گوتاری ئایینی ڕۆژانی هەینی دەبێتە هۆی بیری توند ڕەوی لای گەنجان؟

**2. 2 گرنگی توێژینەوە:**

تاوتوێکردنی چەند ڕەهەند و لایەنێکی پەیوەست بە پرسی توندڕەوی هزری، کە ئەمەش هەوڵێکە بۆ زیاتر خستنە ڕووی مەترسیەکانی گوتاری ئاینی (وتاری مزگەوتەکان )بەنموونە لەسەر هزری توندڕەوی ئاینی لای گەنجان. کە بووەتە یەکێک لەو گرفت و کێشانەی کۆمەڵگای کوردی و هەڕەشەیەکی جدییە لەسەر ژیان و ژیاری کۆمەڵگا، خستنە ڕوی ئەم ڕاستیەش بە گەڕانەوە بۆ بیرمەندانی کۆمەڵناسی و گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەوسەرچاوانەی کە بە تێرو تەسەلی لێی دواون وگرنگیان پێ داوە .

**2. 4 ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی هەر توێژینەوەیەکی زانستی وەرگرتنەوەی وڵامی ئەو پرسیارانەیە کە توێژەر هەیەتی دەربارەی بابەتی توێژینەوەکە، ئامانج لە توێژینەوەکەش دیاری کردن، یاخود زانینی کاریگەری گوتاری ئاینی (وتاری مزگەوتەکانە) لەسەر بیری توند ڕەوی لای گەنجان. لە هەمان کاتدا ئاشکراکردنی ئەو هێماو سونبول و بەها تووندانەیە کە وتاربێژان لە وتارەکانیان دا بەکاریان دەهێنن و دەرخستنی کاریگەریەکانیان لەسەر گەنجان و ئاراستەکردنیان بەرەو هزری توندڕەوی ئایینی.

**2. 5 سنورەکانی توێژینەوە :**

- سنوری جوگرافی : سنوری جوگرافی توێژینەوە تایبەتە بە چەند مزگەوتێکی ئیدارەی ڕاپەڕین، لە هەرسێ قەزای پشدەر و ڕانیەو حاجیاوا.

- سنوری کاتی: سەرجەمی دەقی وتاری وەرگیراو لە ۲۰ / ۱۲ / ۲۰۲۲ تا کو ۲۸/ ۱۲/ ۲۰۲۲ وەرگیراون، ئەم بەروارەش تایبەتە بە دۆخ و ڕوداوی گوتاری .

[1] - یەکێکە لە پێداویستیەکانی نوێژی هەینی کە بەدەقی ئایەتی (۹) ی سورەتی (الجمعە) ی قورئانی پیرۆز لەسەر موسوڵمانان فەرزکراوە.

**2. 6 میتۆدی توێژینەوە :** یەکێک لەو میتۆدانەی کە توێژەران دەتوانن پشتی پێببەستن و بەشێوەیەکی زانستی بۆ توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە بەکاری بێنن بۆ ڕوونکردنەوەو دەرخستنی کاریگەریەکانی گوتاری ئایینی (وتاری مزگەوتەکان) لەکۆمەڵگەدا و بەدیاریکراوی لەسەر بیری توندڕەوی لای گەنجان میتۆد و تیۆری (شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار)ی نۆرمەن فێرکلافە. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەستن بە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار هەم وەکو میتۆلۆجی و هەم وەکو تیۆری بۆ ڕاڤەکردنی بابەتی توێژینەوەکە.

**2. 6 کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە گوتاری ئایینی (وتاری ڕۆژانی هەینی) ئیدارەی ڕاپەڕین دەگرێتەوە، بەدیاری کراوی وتاری چوار مزگەوت کە بە نموونە وەرگیراون بە شێوەی مەبەستدار کە وتارەکانیان بە شێوەی ڤیدیۆی تۆمارکراو لە پەیجی تایبەتی خۆیان بڵاویان کردوونەتەوە . توێژەران وەک و هەنگاوی یەکەم بۆ شیکاری گوتار کردوویانن بە دەقی نوسراو، لینکی ڤیدیۆی هەر یەک لەم وتارانەش بریتین لە

- لینکی وتاری مزگەوتی (A)( https://www.facebook.com/zryanjabar911/videos/3159693414321538/)

-لینکی وتاری مزگەوتی(B) https://fb.watch/lnU-49tplR/?mibextid=Nif5oz

-لینکی وتاری مزگەوتی (C) https://fb.watch/lnSj8YbaJU/?mibextid=Nif5oz

-لینکی وتاری مزگەوتی(D) https://fb.watch/lnVFdoAY2n/?mibextid=Nif5oz

**3. پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:**

لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی دا ناساندنی چەمکەکان یەکێکە لە ئەرکەکانی توێژەر و پێویستە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژە بەو چەمکانە بکات بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لەم ئاماژەو زاراوانە تێبگات.

**3. 1چەمکی گوتار: الخطاب ( Discourse)**

زاراوەی گوتار تارادەیەک چەمکێکی لێڵە، چونکە لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و فەلسەفە دابەکاردەهێنرێ (Barabara,2008:1).

لای فۆکۆ بریتییە لە تۆڕێک لە پەیوەندیەکان و دەسەڵات و کۆزانین، سیستەمی گوتاریش لەسیستەمی پەیوەندیەکان بەولاوە هیچی دیکە نیە، گوتار لە میانەی دەقەوە دەسەڵات بەکار دەهێنێت دەقی گوتن ودەقی کردار. دواتریش گوتار دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی دەقەوە وەردەگرێت، یان لە دانەرەکەی وەردەگرێت، یان ئەو پێگەی دانەرەکە هەیەتی لە ناو پایەی کۆمەڵایەتی دا بەوەی کە پیاوێکی بەهێزە یا پێگەیەکی سیاسی هەیە، یا پیاوێکی ئابوورییە، یا بە ناوی دامەزراوەیەکەوە کە کاری تێدادەکا یا دەسەڵات لە سروشتی حاڵەتەکەوە کە تێیدا دەوترێ وەردەگرێ (الحميری،2009، :12).

گوتار لەڕووی زاراوە دیاردە، وتەزا،یان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە بە واتایەکی دیکە پرۆسەو ڕەوتێکە کە لە کۆمەڵگاوە سەریهەڵداوە، بابەتە دەربڕاوەکان گوزارەو خوازە، و وشەو ڕستەکانە، پەیوەندیان بەوخاڵەوە هەیە، کە بابەتە گەیەنراوەکان و گوزارەکان کەی، کێ، چۆن ولەلایەن چ کەسێکەوە، لە دژ یان بە لایەنگیریی لەچ کەسێکەوە، یان بۆ چ مەبەستێک کەڵکی لێوەرگیراوە(محمدی، حاجی زادە، 2006 : 508).

پێناسەی کارڕایی گوتار بریتییە لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و نوسین و وێناکردنەوە کە لەلایەن کەسێک یا گروپێکەوە بە پاڵپشت بە مەبەست و ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت ئاراستەی بەرامبەر (تاک یان گروپ) دەکرێت، بە مەبەست و ئامانجێکی دیاری کراو.

**3. 2 گوتاری ئاینی( Religion Discourse):**

لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە چەخت دەکاتەوە لەسەر گوتاری ئاینی (وتاری مزگەوتەکان ) لە ڕۆژانی هەینی کەواتا مەبەستی توێژەران گوتاری ئیسلامیە نەک گوتاری دینی بەگشتی بۆیە توێژەران بە پێویستی نازانن کە گوتاری ئاینی بەگشتی پێناسە بکەن، بەڵکو پێناسەکردنی گوتاری ئیسلامی مەبەستە لێرەدا.

گوتاری ئیسلامی : بریتییە لە مەرجەعیەتی ئیسلامی لە ئوصولی(بنچینە)ی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر، پاشان هەموو ئەو بەشە ئیسلامیانەی تر، بەشەکانیتر واتا ئەو کۆمەڵ و دەستەو حیزبە ئیسلامیانە، یاخود ئەو دەزگاو ڕەوت و کارە فەرمیە ئیسلامیانە ئەگەر ئەهلی و تەنانەت کەسایەتی تایبەتیش بێت، کە سەرچاوەکەی لە ئوصولی(بنچینە)ی ئیسلامەوە وەرگیرابێت، بۆچون و دیدگاو پێشنیارەکانی ئەوانیش دەبێتە ئوصول(بنچینە)، لە ڕووی ئیدارەو ژیان و سیاسەتی کۆمەڵگاو ئابوری و ڕۆشنبیری..هەموو ڕوو و

ڕەهەندەکانی ژیان، کە تێکەڵاو ئاراستەی ناسنامەی ئیسلامییەولە ڕووی ئوممەت و کارو بانگەوازەوە کە هەموو لاکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.(کەریم ، 2016: 44).

گوتاری ئاینی _ئیسلامی سەرجەمی ئەو چالاکیە زانستی و هزری و سیاسی وکردارییانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا ئەنجامدەدرێن، لە چوارچێوەی ئاداب و نەریتی ئاینی ئیسلام.(اعمر الهورایە، شیخ، 2015 :2)

پێناسەی کارڕایی (گوتاری ئاینی ) ئەو گوتارەیە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ، سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری، ڕۆشنبیری و ئاینی، دەگرێتەوە، واتا گوتاری ئاینی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی ئاینی لە هەوڵی کۆنترۆلکردنی دیدگا و بیرۆکەی تاک و کۆمەڵگایەو دەیەوێت بە پێی ویستی خۆی ڕەفتار و گوفتاری تاک و کۆمەڵگا ئاراستەبکات، بەپاڵپشت بەو هێزە مەعنەوییەی کە سەرچاوەی گرتووە لە دین.

**3 .3 توندڕەوی (Extremism)**

پێناسەکردنی چەمکی توندڕەوی پێناچێت کارێکی ئاسان بێت، بەهۆی ئەوەی وەک و سەجەم دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیتر پێوەرو پێودانگێکی تایبەتی نیە بۆ هەڵسەنگاندنی، بەڵکو لە هەر کۆمەڵگایە و بە جۆرێک، یاخود پێوەرێکی جیاوازی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کردەی توندڕەوی. هەر ئەمەشە وای کردووە کە پێناسەکردنی بە شێوەیەکی ستاندارد کارێکی زەحمەتبێت. نیومان پێی وایە کە نا ڕوونی لە پێناسەکردنی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توندڕەوی هێشتا شکڵی کۆتای خۆی وەرنەگرتووە .(یوسف و محمد، 2020 : 6) ئەم دیاردەیە بە ترسناکترین کێشە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت کە بریتیە لە بیروو باوەڕێکی چەق بەستو کە قبوڵی هیچ بیرو باوەڕێکیتر ناکات.(المعایطة و الزعبي، 2020 : 7) ئەگەر لەڕووی زاراوەوە لەم چەمکە بڕوانین بریتیە لە زیادە ڕەوی لە هزرو ئایدۆلۆجیا یا هەر ڕێبازێکیتر ، کە تایبەتبێت بە ئاین،یا کۆمەڵ، یا حیزبێک، کە بڕوابوونە بە بیروو ڕایەک بە نایەکسانیەکی ڕەها، کە وا لە خاوەنەکەی دەکات هەستێکی توندڕەوانەی لە دروست بێت و لە کاتی هەڵچون دا هەستی جیاکردنەوەی باش و خراپ لە دەستبدات. (زهیر، 63: 2015)

لە ساڵی 2004 وە ئەم زاراوەیە مانایەکی نوێی وەرگرت وەک و پرۆسەیەکی دینی سایکۆلۆجی ڕاڤەی بۆکرا و درایە پاڵ موسولمانەکان کە لەم ڕێگایەوە بەرەو توندڕەوی و پرگیری هەنگاو دەنێن (kundnani2013 ). پێناسەیەی کارڕایی توێژەران بۆ توندڕەوی : توندڕەووی هەر بیرو بۆچونێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، یا ئاینیە ، لە لایەن تاک یان گروپ کە بەشێوەیەکی ڕەها بڕوای پێیەتی ودەرەوەی ئەم بۆچونە بە ناڕاست و قبوڵ نەکراو دەزانێت و هەوڵی بەرەنگاری دەدات، لە پێناو سەپاندنی بیر و بۆ چونەکانی خۆی.

**4 .3 توندڕەوی ئاینی (Religion Extremism)**

بڕوا بوون بە بیرو بۆچونێک بە شێوەیەکی ڕەها، جا ئەم بیرو بۆچونە کە سەرچاوەی لە ئاینەوە وەرگرتبێت بێگومان لەلای پەیڕەو کەرانی ئەم بیرە بەهێزتر دەبێت، بە جۆرێک کە ئامادەی قوربانی و بەکارهێنانی هێز و توندوتیژین لە پێناو سەپاندنی ئەم بیرو هزرە. کە ئەمەش بە لادانێکی دینی کە زیادە ڕەویەکی زۆری تێدا دەکرێت ناو دەبرێت.( بن مرزوق، 2018: 200)

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە سەر بیری توندڕەوی وەک و دیاردەیەک و بەتایبەتی هزری توندڕەوی ئاینی بڕیار دان و بینینی سەرجەم لایەنەکانی ژیان لە تاک ڕەهەندی بیر و هزری بەسەندی خودی و گشتاندنیەتی بە شێوەیەکی ڕەها بەسەر سەرجەمی بوارو لایەنەکانی ژیان. یاخود گۆڕینی بیرو باوەڕی ئاینی لە هەڵوێستی تاکە کەسیەوە بۆ هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و لە بیرو بۆچونێکی بەرز بۆ ئایدۆلۆجیایەک کە بڕیار لەسەر هەموو شتە ڕێژەیە گۆڕاوەکانی کۆمەڵگا دەدات.(اسماعیل محمد،2008: 384)

پێناسەی کارڕایی بۆ توندڕەوی ئاینی بریتیە لە بڕوا بوون بە بیرو بۆچونی دینێکی دیاری کراو بە شێوەیەکی ڕەهاو قبوڵ نەکردنی هەر ئایدیاو بیرو هزرێکی تر لە دەرەوەی بۆ چونەکانی و هەوڵدانی بۆ گشتاندنی لە بۆچونی تاکەکەسی خۆیەوە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی نا ئاسای و نا یاسای.

**5 .3 گەنج ( Youth):**

گەنج وەک و چەمک لە ڕووی بایۆلۆجی و فیسۆلۆجیەوە ، جەخت کردنە لەسەر گەشەی بایۆلۆجی ، بەو پێیەی گەنجی قۆناغێکی تەمەنەو بەشێکە لە بەشەکانی گەشەی مرۆڤ، کە تێیدا پێگەشتنی ئەندامی و فیزیکی بەرەو تەواو بوون دەچێت و گەشەی عەقڵی و دەرونی دەست پێدەکات تا دەگاتە ئاستی پێگەیشتن و ماوەکەی لە نێوان تەمەنی (15 بۆ 25) ساڵیدایە. هەندێک لە توێژەران زیاتر لەم ماوەیە دیاری دەکەن و بە (13 بۆ 30).(سایمون مبیور،2009: 2)

ئەگەر لە ڕووی دەروونیەوە سەیری پێناسەی چەمکی گەنج بکەین زۆر بەی زانایانی دەرونی وای دەبینن کە قۆناغی گەنجیەتی پەیوەستە بە کامڵ بوونی بونیادی پاڵنەرو هەڵچونەکانی تاک لەبەر ڕۆشنایی ئامادەگی و پێداویستیە سەرەکیەکان و کامڵبونی گەشەی هەموو لایەنەکانی کەسێتی (ویژدانی و عقڵی و هەڵچونی ) بە شێوەیەک بتوانێت کارلێکی تەندروست بکات لەگەڵ ئەوانیتر لە بواری کۆمەڵایەتی دا. (السيد فهمى، 2007 : 87)

پێناسەی کارڕایی لەم توێژینەوەیەدا ، گەنج بریتیە لە توێژێکی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی تایبەتمەندی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی و بە چالاکی و کاریگەری دەناسرێتەوە لە کۆمەڵگادا ، بە شێوەیەکی ڕێژەی تەمەنی لە نێوان ( 18 بۆ 35) ساڵی دایە.

## 4. چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی .

### 4. 1 شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاری فێرکلاف:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بە تیۆر و میتۆدی شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتار، جارێک وەک و میتۆدو جارێکیش وەک و تیۆری لێکۆڵینەوە . لە چوارچێوەی تیۆری زانای ئینگلیزی نۆرمان فێرکلاف. تیۆرو میتۆدی فێرکلاف مۆدێلێکی سێ ڕەهەندیە کە لەسەر ئەو بنەمایەی کە گوتار بە بەشێکە لە کردەی کۆمەڵایەتی. فێرکلاف یەکێکە لەو زانایانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک دیارترین و کاریگەرترین ئەو زانایانەیە کە لە بواری شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار کاریکردووە، زۆر لە توێژینەوەو بڵاوکراوەی لەم بوارە ئەنجام داوەو میتۆلۆجیای خۆی بە پشتبەستن بە نەریتی فەلسەفی مارکسی ، لەسەرووی هەمووشیانەوە چەمکی ئایدۆلۆجیای لویس ئالتۆسەر و چەمکی هەژموونی ئەنتۆنیۆ گرامشی و چەمکی گوتاری فۆکۆ ، تیۆرو پرسیارە نەریتیەکانی زمانەوانی ڕەخنەیی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بنیادناوە .(23 : Keller,2013 ).

فێرکلاف تیۆرێکی گوتاری کۆمەڵایەتی داناوەو هەر ئەمەش وای کردووە کە ئیدیعای نزیکی لە گوتاری فۆکۆ بکات، فێرکلاف لە پاڵ دانانی تیۆری شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، هەوڵیشیداوە کە بە کردەوە و شێوەیەکی پراکتیکی نەخشەی میتۆلۆجیاکەی بۆ شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری بخاتەڕوو، ئەمەش لە چوارچێوەی میتۆدێکی سێ ڕەهەندیی خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە :-

ڕەهەندی یەکەم / شیکردنەوەی گوتار وەک –دەق. واتا لێرەدا فێرکلاف بۆ پشتبەستن بە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار پشت بە دەقی گوتار دەبەستێت و دەق وەک تایبەتمەندیە زمانەوانیەکانی وەک و ڕێکخستن و وشەسازی و ڕێزمان، بە شێوەیەکی سیستماتیکی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

ڕەهەندی دووەم بریتییە لە: گوتار-وەک-پراکتیکی گوتاریی: واتا بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی دەق لەخۆ دەگرێت. واتا دروستکەری دەقێک یا نوسەری دەقێکی گوتاری تاچەند سودی لە دەق و گوتارەکانی پێش خۆی بینیوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو دەقە گوتاریە.

ڕەهەندی سێیەم بریتییە لە: گوتار-وەک-پراکتیکی کۆمەڵایەتی. فێرکلاف هەوڵی داوە کە کاریگەریەکانی زمان لە شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتاردا لەبەرچاو بگرێت، چونکە پێی وایە کە زمان جۆرێکە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی، کە کاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە .(Gorgensen,Phillips,2002 :68,69)

لە سەر ئەم بنەمایە فێرکلاف سێ قۆناغ پێشنیاردەکات بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار کە بریتین لە:

_ وەسفکردن ، ئەو قۆناغەیە کە پەیوەندی بە تایبەتمەندیە فەرمیەکانی دەقەکەوە هەیە – لێکدانەوە، ئەو قۆناغەیە کە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی لە نێوان دەق و کارلێککردندا دەکات .

_ڕوونکردنەوە، ئەو قۆناغەیە کە پەیوەندی نێوان کارلێککردن و چوار چێوە کۆمەڵایەتیەکەی دەردەخات. (Fairclugh,1989:22).

### 4. 2 . هەنگاوەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتار

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە شیکاری ڕەخنەیی گوتار بۆ شیکاری چوارچێوەیەکی میتۆدۆلۆژی و تیۆری یەکگرتوو نییە. پاشان شیکاری گوتار وەک ڕوانگەیەکی هاوبەش سەیر دەکرێت کە کۆمەڵێک دیسیپلینی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت. ئەو هەنگاوانەی کە لە کاتی شیکردنەوەی زمانی نووسراودا پەیڕەو دەکرێن و بەکار دەهێنرێن سێ هەنگاوی بنەڕەتین کە هەریەکەیان کۆمەڵێک هەنگاوی لاوەکی لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە: وەسفکردن، ڕاڤە، ڕوونکردنەوە. واتا وەسفی دەق، ڕاڤەی پەیوەندیی نێوان دەق و مامەڵە و کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی. (ڕەفیق، ٢٠١٨: ٤٥)

**هەنگاوی یەکەم: شیکردنەوەی دەق**

دەق یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکان و ناوەند بۆ شیکردنەوە لەسەر مۆدێلی فێرکڵاف. شیکردنەوەی دەقە کە بە توندی بەستراوەتەوە بە شیکردنەوەی زمان کە لەلایەن خەڵکەوە بەکار دێت بۆ پەیوەندی و ڕێکبەندە ڕاستەقینەکان.

شیکردنەوەی دەق بریتییە لە شیکردنەوەی بژاردەکانی وشەناسی، پەیوەندی، پێکەوەبوون و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی ستایلی کە سەرنج دەخاتە سەر بابەتی تایبەت و تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانی بیرکردنەوەی قسەکە ر( Sipra and Rshid, 2013: 30)

شیکردنەوەی دەق لە ئاستی وەسفکردندا. کە خۆی لە دە پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە، واتا ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ سەبارەت بە دەقێک بکرێ، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت وەکوو تایبەتمەندی سەیری ئەم دە پرسیارە بکرێت. چونکە فێرکڵاف وەک تایبەتمەندی ئاماژە بەم دە پرسیارە دەکات.

فێرکڵاف دە تایبەتمەندی شیکاری گوتاری خستە ڕوو کە بریتین لە:

**أ- وشەکان**

١- وشەکان خاوەنی کام بەهاگەلی ئەزموونین؟

چ جۆرە پەیوەندییەکی واتایی (هاوواتایی، هاوبەشیی واتایی، دژیەکیی واتایی) لەڕووی ئیدیۆلۆژییەوە واتادار لەنێوان وشەکاندا بوونی هەیە؟

مەبەست لە سەرجەمی ئەم پرسیارانە گەڕانە بەدوای ئەم وەڵامەی کە چۆن ئیدیۆلۆژییە جیاوازەکان لەنێوان دەقەکاندا لەسەر ئەو ڕەنگدانەوە جیاوازانەی کە لەسەر جیهان دەیخەنە ڕوو لەناو وشەکاندا سیمبولیک دەبن.

٢- وشەکان خاوەنی چ جۆرە بەهاگەلێکی پەیوەندین؟

ئایە دەستەواژەگەلێک بوونیان هەیە کە بەڵگە بن لەسەر دەربڕینی باش؟

کە ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بەکارهێنانی وشەکان لە چوارچێوەی دەقدا کاریگەرن و دەرخەری پرۆسەی ململانێ و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە بە شێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگادا. (Fairclough,1992: 190)

٣- وشەکان خاوەنی چ بەهایەکی دەربڕینن؟

٤- لە دەقەکاندا چ جۆرە دەستەواژەیەک بەکار هاتووە؟

دەستەواژەکان لە دەقێکدا لەڕووی چەندی و چۆنییەوە ئاماژەی پێدەکرێت. فێرکڵاف پیی وایە کە دەستەواژە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پێکەوە گرێدراون لە گوتارە ڕەسمییەکانی وەک داکۆمێنتە ڕەسمی و بڵاوکراوە ڕۆژنامەوانی و ڕاپۆرتە تەلەفیزیۆنی و چاپەمەنییەکاندا کە ئەم دەستەواژانە کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی ( Fairclough,2003: 216).

**ب- ڕێزمان Grammar**

٥- ڕێزمان یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە فێرکڵاف لە شیکاری ڕەخنەیی گوتاردا ئاماژەی پێدەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەلایەنی ڕێزمانی ڕستەی دەقەکان بکرێت لە ڕووی بکەری دیار و بکەری نادیار، ڕابردوو و ڕانەبردوو، ئەرێنی و نەرێنی. (Locke,2004: 50).

٦ - تایبەتمەندییە ریزمانییەکان خاوەن کام بەهاگەلی پەیوەندین؟

سوود لە کام لایەنی 'هەواڵی، پرسیاری، ئەمری' وەرگیراوە؟

ئایا سوود لە ڕاناوە سەربەخۆکان وەرگیراوە لە دەقەکاندا و چۆن بەکار هاتوون؟

٧- تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان لە دەقەکاندا خاوەنی کام بەهاگەلی دەربڕینن؟

٨- ڕستە سادەکان چۆن بە یەکەوە بەستراونەتەوە؟

ئامرازەکانی پەیوەندی چ جۆرێکن؟

بۆ گەڕانەوە بۆ ناوەوە و دەرەوەی دەق چ ئامرازگەلێک بەکار هاتوون؟

ج) پێکهاتەی دەقی

٩ - چ جۆە ڕێککەوتنگەلێکی مامەڵەیی بەکار هاتووە؟ مامەڵە لێرەدا زیاتر مەبەستی پەیوەندییە.

ئایا دەرچەیەک بوونی هەیە کە لە ڕێگەیەوە بوار بە بەشداربوو بدرێت کۆنترۆڵی قسەکردنی ئەوانیتر بکات؟

١٠- دەق خاوەنی چ جۆرە پێکهاتەیەکی بەرفراوانە؟ (Fairclough,1992: 181)

**هەنگاوی دووەم: ڕاڤە**

ئەم هەنگاوە لەدوای هەنگاوی یەکەمەوە کە وەسفە دەست پێ دەکات، هەنگاوی ڕاڤەکردن هەم پرۆسەکانی بەشداربووانی گوتار و هەم ڕاڤەی دەق لەخۆ دەگرێت. بە بۆچوونی فێرکلاف ئاوێتەیەکن لە ناوەرۆکی خودی دەق و هزری خودی ڕاڤەکار، مەبەستی لە پاشخانی مەعریفی ڕاڤەکار لە ڕاڤەی دەقەکەدا بەکاری دەهێنێت. لە ڕوانگەی ڕاڤەکاریشەوە تایبەتمەندییە فۆرمییەکانی دەق لەڕاستیدا وەک سەرەداوگەلێکن کە ڕەگەزەکانی پاشخانی مەعریفەی زەینی ڕاڤەکار چالاک دەکەن و ڕاڤە بەرهەمی پەیوەندی بەرامبەرکێ و دیالێکتیکی سەرەداوەکان و پاشخانی مەعریفەی زەینی ڕاڤەکار دەبێت کە دەکرێت ناوی شێوازەکانی ڕاڤەیشی لێ بنرێت.

ڕاڤە لە چەند ئاستێک پێکهاتووە کە ئەم ئاستانەش هەر یەکێکیان بۆ خۆی هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە ڕاڤەیەکی دروست بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات زیاتر لە قۆناخی کۆتای توێژینەوەکە کە بریتییە لە ڕوونکردنەوە نزیک ببینەوە. بە کورتی ئاستەکان بریتین لە:

١- ڕواڵەتی ئاخاوتن

لەم قۆناغەی سەرەتادا پرۆسەیەک دەست پێ دەکات کە تێیدا ڕاڤەکار کۆمەڵێک لە نیشانە و دەنگەکان دەگۆڕێت بۆ وشە، دەستەواژە و ڕستەی دیاریکراو. لێرەوە ڕۆڵی پاشخانی مەعریفی ڕاڤەکار بەدیار دەکەوێت.

٢ - واتای ئاخاوتن

ئەم ئاستەش بریتییە لە پێدانی واتا بە بەشەپێکهێنەرەکانی دەق، کە فێرکلاف ناویان دەنێت کلام.

٣- یەکڕیزی یان ڕیزبەندی بابەتی

مەبەست لێرەدا بەرقەراری یەکڕیزی تێکڕای بەشەکانی دەقێک نییە، بۆ نموونە تێکڕای بەشەکانی وتارێک یان گفتوگۆیەکی تەلەفیزیۆنی ،بەڵکوویەکڕیزی بەشێکی دیاریکراو لە دەق .

٤- سترەکچەری کرۆکی دەق چۆنییەتی پەیوەندی بەشەکانی یەکڕیزی دەق.

٥- قۆناغی پێنجەم سەرنج دەخاتە سەر کۆنتێکستی دۆخی جۆری گوتار

کە ئەویش خۆی لە چەند پرسیاری سەرەکیدا دەبینێتەوە. پرسیارەکانیش بریتین لە: چی ڕوویداوە؟ چ کەسانێک تێیدا بەشدارن؟ پەیوەندی نێوانیان چییە؟ ڕۆڵی زمان لەبارەی پرسیاری یەکەمەوە چییە؟ پرسیاری چی ڕوویداوە؟ بۆ سێ بەشی چالاکی، ناونیشان و ئامانج جیا دەکرێتەوە. پرسیاری دووەم باس لە پەیوەندی نێوان ئەو کەسانە دەکات کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و بەدوای شوێنگەی بکەرەکانەوە دەگەڕێن. هەروەها ئەو دامەزراوانەی کە شوێنگە جیاوازەکان پەیوەستن بە هەریەک بە بکەرەکان، شوێنگەکانی بێژەری و بیسەری ،بۆ نموونە، قسەکەر، گوێگر. پرسیاری سێیەمیش وەک ئاشکرایە پشت بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. ڕۆڵی زمانیش وەک ڕوونە ئامڕازێکە بۆ بەرجەستەکردنی بەشێک لە ئامانجی دامەزراوەیی یان ئیداری.

بە کورتی ئەوەی سەبارەت بە ڕاڤە باسکرا دەکرێ لە سێ پرسیاردا کە لە هەر جۆرە گوتارێکدا دەخرێنە ڕوو پوختی بکەینەوە:

یەکەم- زەمینە یان کۆنتێکست: ڕاڤەی بەشداربووانی گوتار لە زەمینەی دۆخی یان نێوان دەقی چییە؟

دووەم- جۆرەکانی گوتار: چ جۆر لە گوتار بەکار دەهێنرێت و ( لە ئەنجامدا، کام ڕێسا، سیستەم و بنەما لە بواری سیستەمی دەنگی، ڕێزمان، یەکڕیزی ڕستەیی، وشەکان، سیستەمەکانی واتا یان بەکارهێنان، بەکار دەهێنن؟

سێیەم- جیاوازی و گۆڕانکاری: ئایە وەڵامی بەشداربووە جیاوازەکان، بۆ دوو پرسیاری یەکەم و دووەم جیاوازە؟ ئایە ئەم وەڵامانە لەماوەی مامەڵەی ئەواندا گۆڕانی بەسەردا دێت؟

**هەنگاوی سێیەم: ڕوونکردنەوە**

بۆ ئەوەی لە قۆناغی ڕاڤەوە بچینە قۆناغی ڕوونکردنەوە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرنگە کە ڕاڤە بایەخی زۆر بە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە پاشخانی مەعریفی بۆ دارشتنی گوتار دەدات، بەڵام ڕوونکردنەوە جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیکەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری پاشخانی مەعریفی هەڵبەت بەرهەمهێنانەوەی ئەم مەعریفەیە لەناو پرۆسەی کردەی گوتاریدا.

ئامانج لە هەنگاوی ڕوونکردنەوە وەسفکردنی گوتارە وەک بەشێک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی، ڕوونکردنەوەی گوتار وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکات و پیشانی دەدات کە چۆن سترەکچەرە کۆمەڵایەتییەکان گوتار دەستنیشان دەکەن. هەروەها کار لەسەر ئەوەش دەکات کە ئەو گوتارانە چ کاریگەرییەک لەسەر بەرهەمهێنانەوەی سترکچەرەکان دادەنێن کە ڕەنگە ئەم سترەکچەرانە بگۆڕێن یان وەک خۆیان بیانهێڵنەوە. پاشخانی مەعریفی خاڵی پێکەوەبەستنی دیتێرمینی کۆمەڵایەتی و ئەم کاریگەرییانەیە. بەو واتایەی کە سترەکچەرەکان فۆرم بە باگراوەندی مەعریفی دەدەن. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە مەبەست لە سترەکچەرە

کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە و ئامانج لە پرۆسەکان و کردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پرۆسە و کردارانەیە کە پەیوەستن بە خەباتی دەسەڵاتەوە. کەواتا ڕوونکردنەوە بریتییە لە بینینی گوتار وەک بەشێک لە پرۆسەی خەباتی کۆمەڵایەتی لە دۆخی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا. (فەریق، ٢٠١٨: ٥١)

ئەم پەیوەندییەی دەسەڵات و خەباتی کۆمەڵایەتی و گوتار دەکرێت لە دوو ڕەهەندەوە سەیر بکرێت: یەکەم، دەکرێت گوتار وەک بەشێک لە خەباتی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت و لەناو دەقێکی بەرفراوانتردا بخرێتە ژێر وردبینییەوە کە لێرەوە پەیوەندی ئەم خەباتەش لەسەر سترەکچەرەکانیش دێتە گۆڕێ. لەلایەکی ترەوە ئەوە پیشان بدرێت کە کام پەیوەندی دەسەڵاتە کە گوتارەکە دیاری دەکات و خودی ئەم پەیوەندییانە دەرهاویشتەی خەباتی کۆمەڵایەتین و لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لەناو دەسەڵاتدان سەرهەڵدەدەن. کاریگەرییە کۆمەڵاییەتییەکانی گوتار و هۆکارە کۆمەڵایەتییە دیاریکەرەکانی گوتار دەبێت لە سێ ئاستی (کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی و دۆخی) تاوتوێ و شەنوکەو بکریت.

فێرکلاف ئاماژە بەوە دەکات کە هەنگاوی ڕوونکردنەوە پێویستی بە وێناکردنی گۆشەنیگایەکی تایبەت سەبارەت بە پاشخانی مەعریفییە، کە ئەم گۆشەنیگایانە بە دیاریکراوی وەک ئیدیۆلۆژیگەلێکی جۆراوجۆر هەژمار دەکرێن. ئەمە بەو واتایە دێت کە پێشگریمانەکانی پەیوەست بە کولتوور، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆیان بەشێکن لە پاشخانی مەعریفی، لەلایەن پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵگەدا یان دامەزراوەوە دیاری دەکرێن و لە ڕووی ڕۆڵێکەوە کە لەسەر خەبات لە پێناو گۆڕان یان پاراستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە هەیانە لە ڕوانگەیەکی ئیدیۆلۆژییەوە سەیر دەکرێن.

ئێستا دەکریت بە کورتی ئەوەی سەبارەت بە ڕوونکردنەوە گرنگە لەم سێ پرسیارەدا بخەینە ڕوو کە فێرکلاف دەیخاتە ڕوو:

یەکەم) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: چ جۆرێک لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەسەر ئەو ئاستانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ڕۆڵیان لە فۆڕمەلەبوونی گوتاردا هەیە و کاریگەریيان لەسەری هەیە؟

دووەم) بەستێنی مەعریفی کە ڕۆڵی جەوهەری دەبینێت لەم پرۆسەیەدا خۆی لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت، چ ڕەگەزگەلێک لە پاشخانی مەعریفی خاوەنی تایبەتمەندیی ئیدیۆلۆژین؟

سێیەم) کاریگەری: شوێنگە و کاریگەریی ئەم گوتارە بەرامبەر بە خەبات لەسەر ئاستە جۆراوجۆرەکان (دامەزراوەی، کۆمەڵایەتی و دۆخی) چییە؟

فێرکلاف دەپرسێت ئایا ئەم خەباتە ئاشکرایە یان نهێنی؟ ئایا ئەم گوتارەی جێی مەبەستی ئێمەیە خزمەتی پاراستنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەکات یان هەوڵی گۆڕینی دەدات؟ (هەمان سەرچاوە : ٥٣)

### 5. دەقەکانی توێژینەوە:

هەڵبژاردنی دەق: ئەو دەقانە کە لەلایەن توێژەرانەوە هەڵبژێردراون بریتین لە دەقی وتاری ڕۆژانی هەینی (چوار وتاری ڕۆژانی هەینی مزگەوتەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین) بەنموونە کە سەرجەمیان پەیوەستن بە بارودۆخی گوتار و لە ژێر کاریگەری ڕوداوی گوتاری دا پەیوەست بە (ئاهەنگی سەری ساڵی زاینی) بەرهەم هاتون.

### 6. لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوە:

#### شیکردنەوەی داتاکان :

#### 6. 1 شیکردنەوەی دەقەکان لە ئاستی وەسفکردندا:

ئاستی یەکەمی شیکاری لە تیۆری فەیرکلاف دا ئاستی وەسفکردنە(Fairclough,1989:109) فێرکڵاف بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار، تایبەتمەندییە فۆرماڵی و ڕێزمانییەکانی گوتارەکە بە بەکارهێنانی تیۆرییەکانی زمانەوانی شی دەکاتەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو تیۆریانە تیۆری هۆلیدەیە (Halliday,1925-2018,Systemic functional grammar) بۆ زمانەوانی ڕۆڵئاراستەکراو، هەموو تیۆریستەکانی ڕۆڵئاراستە جەخت لەوە دەکەنەوە کە زمان دۆخێکی فرە ڕۆڵی هە کە یەکێک لەم ڕۆڵ و بونیادنەریانەی زمان ( گوتار) بریتییە لە بونیادنانی شوناس، بونیادنانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بونیادنانی باوەڕو مەعریفە.(Fairclough,1992:6) بە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە، فێرکلۆف ڕوون دەبێتەوە کە چۆن پەیوەندی نێوان مانا و وشەکان لە پێکهاتەی زمانەوانی گوتاردا هەیە و ئەوە دەخرێتەڕوو کە چۆن وشە و پێکەوەگرتنی زمانەوانی، ئایدۆلۆژیا، پێکهاتەی دەسەڵات (ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایرتی) و پەیوەندییەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەرچۆنیەتی بەرهەمهێنانی گوتار جا بە ئاگایانە یان نائاگا مەیل و باوەڕە ئایین و سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی خۆی بە وشە و ڕستە ئاشکرا دەکات، بارودۆخی ئایینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی دوولایەنەیان لەگەڵ

دەقەکەدا هەیە ، و هەر بۆیەش دەوترێت گوتار وکۆنتێکست پەیوەندییەکی دیالێکتیکیان بەیەکەوە هەیە.( Jorgensen Phillips, (2002:165

لە بڕگەی یەکەم تا کۆتایی وتاری (A,B,C,D ) ئاماژەدانە بە (تەکفیر) بە کافردانانی هەموو ئەو موسوڵمانانەی کە بەژداری سەری ساڵی زاینی دەکەن. بە جۆرێک لە وتاری یەکەمی مزگەوتی A زیاتر لە (١٧) جار وشەی (کافر، کوفر و بێباوەڕو موشریک ) ی بەکار هێناوە لەم چەند دەقیقەیەی کە ئەم دەقەی تێدا وەرگیراوە ، ئەگەر سەرنج لە وتاری مزگەوتی (B) بدەین بەهەمان شێوەو نەزمی گوتاری بەردەوام دەبێت لەسەر وتارەکەی و بەشێوەیەک (٦) جار وشەی (کافر) و (٢) جار وشەی (کافرومشریک) وەک هاوواتای یەکتر بەکار دەهێنێت بۆ بەژدار بوانی ئاهەنگی سەری ساڵ.

بەهەمان شێوە لە وتاری مزگەوتی(C ) (٣) جار وشەی (کافر) و (٤) جار وشەی (کوفر) وەک کردار بەکاردەهێنێت بۆ ئەوکەسانەی کە بەژداری سەری ساڵ دەکەن.

هەرچەندە لە وتاری مزگەوتی (D) وشەی کافر و کوفر بەکار ناهێنێت بەڵام لەبەرامبەردا وشەی (شیرک) (٤) جار بەکاردەهێنێ و ئامادەبوانی وتارەکەی ئاگاداردەکاتەوە کە بەژداریکردن لە بۆنەی سەری ساڵ شیرکە، شیرکیش لە ئیسلام دا واتا دەرچون لە دین و تاک خوا پەرستی (وحدانیەت) . لە هەمان کاتدا ئەگەر سەرنج بدەین بەهۆی بوونی ڕووداوی گوتاری و بابەتی وتارەکان لە دەقی وتاری مزگەوتی (A) زاپاتر لە ٢٤ جار وشەی (جەژن) بەکار هاتووە ، بۆ ئاماژەکردن بە جەژنی سەری ساڵ و چەژنی قوربان و چەژنی ڕەمەزان . لەوتاری مزگەوتی(B) لەبەرامبەر ئەمە وشەی (سەری ساڵی) (٢) جار بەکارێناوە. بەڵام لە وتاری مزگەوتی(C) وشەی (جەژن) (٢)جار بەکار دەهێنێت و لەبەرامبەر ئەم وشەیە وەک و هاودژیەک وشەی (بۆنەی کافران) (٢) جار بەکار دەهێنێت ، ئەمەش بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم بۆنەیە پەیوەندی بە تاکی موسوڵمانەوە نیەو پێویستە موسوڵمانان خۆی لێ بەدووربگرن. لە دەقی وتاری مزگەوتی(D) وشەی جەژن (١) جار هاتووە بەڵام لەبەرامبەردا وشەی (ئاهەنگ) (٨) جار هاتووە. دەکرێت ئەمەش وەک و مەبەستێکی گوتاری وتاربێژ بە گوێگرانی وتاربڵێت وشەی (جەژن) کە مۆرکێکی ئایینی هەیە گونجاو نیە بۆ ئەم بۆنەیە و لەبری ئەم وشەیە وشەی (ئاهەنگ) بەکاردەهێنێت.

بڕگەیەکیتر کە جێگەی سەرنجە لە هەنگاوی یەکەمی شیکردنەوە ڕەخنەیی گوتاردا زانینی ئاراستەی گوتارییە لە ڕووی زمانەوانی، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدین لە وتاری مزگەوتی (A) وەک هاو دژیەک لە ناو وتاری ئەم مەلایە زیاتر لە (١٠) جار ڕاناوی (ئەوان) لە بەرامبەر (٤) جار ڕاناوی سەر بەخۆی( ئێمە)ی بەکارهێناوە. بەڵام لە وتاری مزگەوتی (B) لە بری ڕاناوە سەربەخۆکان ڕاستەوخۆ وشەی (موسوڵمان) بەرامبەر ڕاناوی (ئێمە) و وشەی (کافر، موشریک، گاور و جولەکە) بەرامبەر ڕاناوی سەربەخۆی (ئەوان) بەکاردەهێنێت، بەجۆرێک وشەی (موسوڵمان) (٢) جارو لەبەرامبەردا وشەی(گاور،جولەکە،موشریک،کافر) (٥) جار هاتووە. بەهەمان شێوە لە وتاری مزگەوتی(C) وشەی (موسوڵمان) (٥) جار و لەبەرامبەردا وشەی (کافر) (٣) جار بەکار هاتووە.

لە دەقی وتاری مزگەوتی(D) ڕاناوی (تۆ) هاوکات وشەی موسوڵمانی وەک هاوواتای یەکتر بەکارهێناوە بەجۆرێک (٢٣) جار ئەمە دووبارەدەکاتەوە، لەبەرامبەردا وشەی (موشریک، جولەکە، نەسرانی) هاو واتای یەکترو بەرامبەر ڕاناوی سەربەخۆی ئەوان(٨) جار بەکار هاتووە. دەکرێت ئەمەش وەک و خاڵی جیاکاری سەیر بکرێک لە شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتاردا ، وەک و دەرخەری شوناسی گروپی لەسەر بنەمای ( ئایینی ) موسوڵمان (ئێمە) و گاور و جولەکە و کافر (ئەوان) ئاماژەی پێکراوە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەموو ئەو وتارانەدا گوتاری باو بریتیە لە گوتاری ئەمر و نەهیکردن ، بڕیاردانی ڕەهاو گشتگیرن بەجۆرێک کە لە وتاری مزگەوتی (A)(١٠) ڕستەی بەشێوەی بڕیاری ڕەها دەگەیەنێتە ئامادەبوان و گوێگرانی وتارەکەی و بە پشتبەستن بە هەندێ ئایەت و فەرموودە ، بۆ نمونە( بەژداریکردنی هەر دروشم و شعائیرێکی دینی کافرو موشریکان کوفرە، دەرچونە لە ئیسلام پیرۆزبایکردن لە کافران کوفرە'). ئەمە لە کاتێکدا لە دەقی وتاری مزگەوتی (B) (٥) ڕستەی هاوشێوە دەبینیت کە سەرجەمیان بڕیاری ڕەهان لەسەر بەژداریکردنی مرۆڤی موسوڵمان لەو بۆنەیەدا وەک ئەم چەند ڕستەیە( هەر کەسێک ئەو وشەیەی بە دەمدابێت کوفری کردووە....بە لەدایک بونی کوڕی خوا دڵ خۆشە؟.... دڵخۆشیت کوفرە کوفر.

چونەدەر و دڵخۆشی دەربڕینو پیرۆزبایی پێی کافردەبیت...قەسەمر بەخوا بچیتەدەرو پیرۆزباییان لێبکەی پێ کافردەبیت و وەک ئەوان کافرو موشریکی.) . لە دەقی وتاری مزگەوتی (C) لەگەڵ ئەوەی کە ڕستەکانی تا ڕادەیەک نەرمترن بەڵام زۆری دووبارەکردنەوەیان مەبەستێکی ڕەهاییان لەپشتە کە زیاتر لە (١٤) ڕستەی بڕیارین لەسەر ئەم یادەو بەشداریکردنی موسوڵمان لەم یادەدا، بۆ نموونە(یادکردنەوەی ئەم ئاهەنگانە دوپادکردنەوەی کوفرە. واتا چەژن کردن ودووپاتکردنەوەی کە خوا کوڕی بووە. بۆیە ئەی موسوڵمان ئاگاداربە ئەوە عەقیدەی تۆ نیە. نەچیت بەژداری بکەی نەک بچی جەژنانە بکەیت، دەستخۆشیان لێ بکەیت پشگیریان بکەیت و خۆشە با بەشداربین ، ئەمە کوفرە ئاگاداربن. تۆ پاڵپشتی کوفر مەکە دەزانی ئەمە گەورەترین جوێنە، گەورەترین

تاوانە بەرامبەر خوای گەورە. ئەمە بۆنەیەکی کافرەکانە...). بۆ دەقی گوتاری مزگەوتی (D) جیاوازیەک بەدیناکەیت ئەگەر سەیری تەواوی دەقەکە بکەیت، بەرێژەیەکی زۆر ئەم ڕستانە دەبینیت ، بە جۆرێک کە زیاتر لە (١٢) ڕستەی بڕیاری ڕەهان، وەک(تۆ دەچیت بە ژداری لە ئاهەنگێک دەکەی ، کە خوا قەدەغەی کردووە بەبێ هیچ گومانێک، تۆ دەچیت بەژداری لە ئاهەنگێک دەکەی خوای گەورە دەفەرموێت ( قول هو الله احد.....) لە کاتێکدا تۆی موسوڵمان هەمورۆژێک ئە سورەتە ئەخوێنی کە لە بەر تۆی موسوڵمان ناو بازاڕو حەفلەو ئاهەنگەکانیان بەر کابرای نەسرانی ناکەوێت. وللەهی دۆستایەتی و خۆشویستنت بۆ غەیری موسوڵمانان هەبێت تۆ حەقیدەکەت تەدمیر بووە..). ئەوەی لەم وتارانەدا بەر چاوە بەکافر کردنی هەموو ئەوانەیە کە بەژداری ئەم ئاهەنگەدەکەن، بەکرداربێت یان تەنانەت بە گوفتاریکیش، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە بۆ ئامادەبوانی کە مەبەست لە کوفر چیەو باوەڕدار چۆن و لەسەر چ بنەمایەک بە وتنی کوفر کافر دەبێت؟ ئەوەی جێگەی سەرنج ئەم بەکافرکردنە (تکفیر) زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە کە دوو بارە بوونەوی ڕستەکانیش، جەختکردنەوەی وتاربێژە لەسەر بڕیارە ڕەهاکانی و تەنانەت جۆرێک لە فتوادانیش بەو وتانەوە دیارە کە ئەمەش پێچەوانەی سیفەتی وتاربێژە ، چونکە فتوادان ئیشی (موفتی) و (قازی ) و دادوەرە نەک وتاربێژ ، ئەم جۆرە ئەرک و کارانە کەس و کات و ژینگەو هەل و مەرجی تایبەت بەخۆیان هەیە نە میمبەر شوێنییەتی و نە کاری وتاربێژانیشە و نە خەڵکە ئامادەبووەکەش بۆ ئەمە دانیشتون.(عبدالعزیز،٢٠١٥: ٢٣) بۆ نمونە لە دەقی وتاری مزگەوتی(A) (٣) ڕستە دەبینرێت کە دەکرێت وەک و فتوا سەیربکرێت لەوانە:-

یەکەم/ بەژداریکردنی هەر دروشم و شعائیرێکی دینی کافرو موشریکان کوفرە دەرچونە لە ئیسلام.

دووەم/ شەعائیرەکانیان جێبەجێ بکەیت ، پیرۆزباییان لێبکەیت ، ئا ئەمە سنوری کوفرە! نابێت ئەم هێڵە سورە ببەزێنی ، بەزاندت چویتە ئەودیوو لەگەڵ ئەوانی ، نەت بەزاند لە دائیرەی ئیسلامایت.

سێیەم/ بەژداری کردنت لە هەر دروشم و شعائیرێکی دینی کافرو موشریکان کوفرە! دەرچونە لە ئیسلام ! ئەگەر نوێژ بکات، ڕۆژو بگرێت، حەجبکات، عومرە بکات، مزگەوت دروست بکات ، هەرچی خێر بکات هەرچی عیبادەتێک بکات وەرناگیرێت.

لە دەقی وتاری مزگەوتی(B) هەمان ئەو ڕستانە دەدۆزینەوە کە بۆنی فتوادانیان لێدێت وەک

یەکەم / چونەدەر و دڵخۆشی دەربڕینو پیرۆزبایی پێی کافردەبیت. دووەم/ قەسەم بەخوا بچیتەدەرو پیرۆزباییان لێبکەی پێ کافردەبیت و وەک و ئەوان کافرو موشریکی .

بەڵام ئەگەر سەیری دەقی وتاری مزگەوتی(C) بکەین تا ڕادەیەک خۆی بە دوور دەگرێت لە بڕیارێک کە بۆنی فتوای لێبێت و لە وتارەکەی دا ڕستەکانی بە شێوەی ئاگادارکردنەوە بەکاردەهێنێت بۆ نموونە( بۆیە ئەی موسوڵمان ئاگاداربە ئەوە عەقیدەی تۆ نیە ، نەچیت بەژداری بکەی نەک بچی جەژنانە بکەیت، دەستخۆشیان لێ بکەیت پشگیریان بکەیت و خۆشە با بەشداربین ، ئەمە کوفرە ئاگاداربن ! تۆ پاڵپشتی کوفر مەکە دەزانی ئەمە گەورەترین جوێنە، گەورەترین تاوانە بەرامبەر خوای گەورە. بۆیە تۆی موسولمان نابێت بە هیچ شێوەیەک نە بەشداری بکەیت ، نەدەسخۆشیان لێ بکەیت ، نە پاڵپشتیان بکەیت ، ئەمە بۆنەیەکی کافرەکانە ، تۆی موسوڵمان خۆت بێباوەڕ مەکە خۆت کافر مەکە).

ئەم ڕستانەی کە وەرمانگرت وەک نموونە لە هەر سێ دەقی وتاری مزگەوتەکانی (A,B,C) سەرجەمی ڕێگاکان دادەخات لە سەر موسوڵمانان لە مەڕ بەژداری کردن لە بۆنەو ئاهەنگە کولتووری و کۆمەڵایەتی و دینیەکانی ئاینزاکانیتر لە کۆمەڵگادا ، ئەوە لە کاتێکدا دەبینین لە وتاری مزگەوتی (D) ئەوە تێدەپەڕێنێت ودەڵێت( وەلاهی بەعزێک لە عولەمایان دەفەرموون لە تەلەفیزیۆنیش سەیریان کەی حوکمێکی خەتەرە ، لە تەلەفیزیۆن لە ماڵەوە دانیشی بڵێی دەی بابیکەینە ئاهەنگێکی سەری ساڵ بزانین چ دەگوزەرێ تێکەڵاوی کوڕو کچ و خێزانی ، وەلاهی بەعزێکیان دەفەرموون سەیرکردنیان لە شاشەی تەلەفیزیۆنیش خەتەرە بۆ ئیمانت).

هەموو ئەو گوتارانەی پێچەوانەی گوتاری پێکەوەژیانن، کە لە خودی گوتاری ئایینی ئیسلام دا ئاماژەی پێکراوە، دەکرێت ئەمەش وەک دژیەکی گوتاری سەیربکرێت لە ناو خودی گوتاری ئایینی ( وتاری مزگەوتەکان) دا .

ئەوە لە کاتێکدا دەبینین کە هیچ ڕستەیەکی ڕێژەی و وشەی( لەوانەیە، ئەگەری هەیە، ڕەنگە ...) لە ڕستەکاندا بەکار نەهاتوون ، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕەهابوون بووەتە بنەمای گوتارەکان و وتاربێژ وەک و سیفەتێکی دەقی پیرۆز مامەڵە لەگەڵ وتار و بۆچونەکانی دەکات ، بۆ پاڵپشتی و هەژمونی ئەمەش بە چەندان دەقی ئایەت و فەرموودە دەیەوێت ئەم ڕاستی ڕەهایەی بۆچونەکانی بسەلمێنێت و هیچ گومانێک لەسەر بۆچونەکانی و دەرفەتیش بە ڕەخنەو گفتوگۆ نەدات لەمەڕ گوتارەکەی. تەنانەت وتاربێژی مزگەوتی(B) سوێند بەخوا دەخوات و دەڵێت (قەسەم بەخوا بچیتەدەرو پیرۆزباییان لێبکەی پێ کافردەبیت و وەک و ئەوان کافرو موشریکی)

بەهەمان شێوە لە دەقی گوتاری مزگەوتی(D) ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە دەڵێت (نەچیت بەژداری بکەیت لەو ئاهەنگەدا بە قسەیەکیش .چونکە ئەمە(الولاء والبراء) ە ولا بۆ موسوڵمانان و براء بۆ شیرکە ، هەرکەسێک ئاوا بو سەرکەوتو دەبێت هەرکەسێک ئاوا نەبوو ماڵی وێراندەبێت)

ئەمەش پێچەوانەی  تیۆری گوتارە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هیچ گوتارێک خاوەنی ڕاستییەکی بنەڕەتی یان پێوەرێکی ڕاست نییە.

بەهەمان شێوە ئەگەر بۆ وڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێین کە ئایە ڕستەکان بەڵگەن بۆ دەربڕینی پۆسەتیف یان نێگەتیف؟ بە خوێندنەوەیەکی سادەی دەقەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆر بەی ڕستەکان ئاماژەیەکی نێگەتیڤیان هەیەو هیچ ئاماژەیەکی پۆزەتیف نابینیتەوە لە ڕستەی دەقی وتارەکاندا هەر وەک لە دەقی وتاری مزگەوتی(A)وتاربێژ بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و دەڵێت(کافرو بێباوەڕان حەسودن بەرامبەر بە ئیسلام). بەڵام لە دەقی وتاری مزگەوتی(B) دەڵێت (داوێکەو نراوەتەوە وریانەبیت دەکەویتە ناوی) بە هەمان شێوە لەدەقی وتاری مزگەوتی(C) ئەوە دەبینرێت کە وتاربێژ دەڵێت( ئەمە جەنگی کافرانە لە دژی موسوڵمانان ، دەیانەوێت گومڕاتان کەن ، توشی کوفرتان کەن، ئەمە جەنگی بێڕەوشتکردنی کۆمەڵگایە) . لە دەقی وتاری مزگەوتی(D) هاوشێوەی دەقی وتارەکانیتر ئەم ئاماژانە دەبینرێن، کە بەڵگەن  بۆ دەربڕینی نێگەتیف وەک ئەم نموونەیە( وللەهی دۆستایەتی و خۆشویستنت بۆ غەیری موسوڵمانان هەبێت تۆ عەقیدەکەت تەدمیر بووە).

ئاراستەی زۆربەی ڕستەکانیش بکەر دیارن و لە (ئێمە و ئەوان ) پێکهاتوون .

### 6. 2 شیکردنەوەیی دەق لە ئاستی لێکدانەوە:

گوتار لە فەزای عەقڵی ئەبستراکتدا دروست نابێت و بەرهەم نایەت ، بەڵکو هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئایینی  بابەتێکی کاریگەرە لەسەر بەرهەمهێنەری گوتار، ئەمەش پێی دەوترێ پرۆسەی دروستکردنی دەق، بە پشتبەستن بە دەقەکانی پێشوو دەقێکی نوێ بەرهەمدەهێنێت. هەر لەم چوارچێوە نێوەن دەقیەدا دەقەکۆنەکان کاریگەریان لەسەر کۆنتێکستە نوێیەکان هەیە. Huckin) (Jennifer Clary,2012:120 لە پرۆسەی دروستکردنی گوتارێکی نوێ دا گوتارەکانی هەمانجۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستوخۆ بەشداریدەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گە گوتارەکان زنجیرەن ، فێرکلاف دوو جۆر لە نێوەندەقی خستۆتە ڕوو ( Jorgensen, Phillips,2002: 102) کە بریتین لە:

-نێواندەقی ڕوون و ئاشکرا، ئەمەش بە ڕوونی ئاماژەی پێدەکرێت بە دەقی وەرگیراو لەدەقی نوێدا.

-نێواندەقی بونیادنەر، لەئەنجامی وەرگرتنی زانیاری و خوێندنەوەی زنجیرەیەک لەدەق، دەقی نوێ بونیاددەنێت.

تێگەیشتن لە نێوەندەقی و دەقی گوتاریەکان دەتوانن ئامرازێکی گرنگبن بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان و شیکردنەوەی ئەم دەقانەی تێیدا پێک هاتوون. بەکار هێنانی گوتارەکانی پێشو لە وتارەکاندا بە ئاگای یان نا ئاگای ئەنجام دەدرێن، قسەکەر لەژێر کاریگەری ژینگەی فکری و کولتووری دەوروبەریدا نێوەندەقی باکاردەهێنێت بۆ  بەهێزکردنی قسەکانی خۆی . ئەگەر سەرنج بدەین ئەوە دەبینین لەسەرجەم دەقی   وتارەکانی مزگەوتی( A,B,C,D) دەقگەرایی و نێوەندەقی دیارە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەقی وتاری مزگەوتی(A,B) بکەین ئەوە جگە لەوەی کە چەندان چەمک و زاراوەی دەقەکانی پێشوو وەرگیراون و ڕاستەوخۆش نێواندەقی ڕوون و ئاشکرا بەکاردەهێنێت بۆ هەژموونکردنی دەسەڵاتی گوتاری بەسەر ئامادەبوان بە ئامانجی، گۆڕینی واقعی هەنوکەی لە ژێرکاریگەری دەقی وەرگیراو بۆ سەپاندنی بۆچونەکانەکانی و دژ وەستان بەرامبەر هەر بۆچونێکیتر، بۆ ئەم مەبەستەش دەقی قورئانی پیرۆز وەک و ناوەندەقی وەردەگرێت، و  دەقی ئایەتی  (ولقد قال كلمة الكفر وكفروا...) (لقد كفر الذين  قال ان الله ثالث و ثلاثه...) وەک و ناوەندەقی و بەهێزکردنی دەقی بەرکار بەکاردەهێنن.

بەڵام لە دەقی وتاری هەر دوو مزگەوتی (C, D) دەقی ئایەتی (قول هو الله احد) بەکار دەهێنن بۆ سەپاندنی هەژمونی گوتاریان. ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی نێوەندەقیە لە ڕێگەی دەقی پیرۆزی (قورئان و فەرمودە) جۆرێک لە گوتاری دژ بەوانیتری جیاواز ئایینی نەتەوەی و فەرهەنگی بەرهەم دەهێنێت کە خزمەت بە پێکەوە ژیان و پێشکەوتنی شارستانیەت میانڕەوی ناکات، ئەمەش بە زمانە تیۆریەکەی مەبەستی گۆڕینی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیە لێرەدا دژ بەو بارو دۆخ و کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەی کە لە واقع  و کۆمەڵگادا بوونی هەیە . ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین سەرجەم وتاربێژان بێ جیاوازی لە بەکارهێنانی دەقەکان وەک ناوەندەقی و ناوەنگوتاری دا ، بە دوای ئەودەقانەدا گەڕاون کە دژی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی( کە ئەنجامدانی و بەژداریکردن و پیرۆزبایکردنە ) بۆ پاساودانی گوتاری دژە (سەری ساڵ)  بەکاریان هێناون لە دەقەکاندا و ئامانجیان سەپاندنی بۆچونە ئایینیەکانی خۆیانە  بە شێوەیەک ، لە ڕێگەی بە کافرکردن( تکفیر) و حەرام و لەدین دەرچوو ، دەیانەوێت یەکێک لە بۆنەو ئاهانگانەی (مەسیحیەکان)  تابوو بکەن، بە بەکارهێنانی (دەقی پێرۆی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا)

ئەمەش دژی زۆر بەی گوتارە ئاینیەکانە کە پێیان وایە خوا مرۆڤەکانی بە ڕەنگ و زمان و نەتەوەو فەرهەنگی جیاواز دروستکردووە و ئەمر فرەییە لە ڕەنگ و دەنگ و نەتەوەو دین و فەرهەنگیەش سروشتی ژیانی مرۆڤایەتییە، قبوڵەکردنی ئەمر جیاوازییەشە دەبێتە فاکتێک بەدەست ئەمر مەلایانەوە بۆ بەکافردانانی ئەوانیتر. لەهەمان کاتدا دژی یاسای ژمارە(٥) ساڵی ٢٠١٥ ی پەرلەمانی کوردستانە لە ژێر ناوی (یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان-عێراق) کە لە بەشی دووەمر، مادەی سێیەمر ئاماژەی پێکراوە، کە دەڵێت (قەدەغەکردنی هەر بانگەشەیەکی ئایینی ، یان ساسی یان ڕاگەیاندن، بەتاک یان بە کۆمەڵ، ڕستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ ڕقوقینە یان توندوتیژی، یان تۆقاندن، یان دورخستنەوە و پەراوێزخستن، کەوا لەسەر بنەمای نەتەوەی یان ئەتنی، یان ئاینی، یان زمانەوانی بیناکرابێت.(پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژ (٥) ،٢٠١٥ )

پێچەوانەی ئەمر یاسای لەهەموو ئەو دەقەکانەی سەرەوە دەبینرێت. هەو وەک و لە دەقی وتاری مزگەوتی(A) چەندان دەستەواژەو نیشانەی ئەوە دەدۆزینەوە لەوانە (چەژنی گاورو جولەکە و موشریکان، بەژداریکردنی هەر دروشم و شعائیرێکی دینی کافرو موشریکان کوفرە، دەرچونە لە ئیسلامر..)، لە دەقی وتاری مزگەوتی مزگەوتی(B) هەمان ئەو دەستەواژانە بەدی دەکرێن وەک ( ئەگەر موسوڵمان وریانەبێت دەبێت بە گاورو جولەکە.). لە دەقی وتاری مزگەوتی(C) ئەمر هێمایە ڕوونترە ( ئەمە بۆنەیەکی کافرەکانە ، تۆی موسوڵمان خۆت بێباوەڕ مەکە خۆت کافر مەکە) لە دەقی وتاری مزگەوتی(D) بەهەمان شێوە بۆنەکە تایبەت دەکات بە نەسرانیەکان و پێی وایە موسوڵمانی سەنگین نابێت بەژداری لە شتێک بکات کە تایبەت نیە بەوان ( نەسرانیەکان عید میلاد بۆ حەزرەتی عیسا دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن)

یەکێکیتر لەو بڕگانەی کە وەک وەسفێک لە وتارەکان دەخرێتە ڕوو، و دەکرێت وەک بڕیارێکی پێشوەختی سەیربکرێت لەمر وتارانەدا ئەوەیە کە لە وتاری مزگەوتی (A ) پێی وایە کە عەقڵ و ژیری پەیوەستە بە باوەڕەوە (لێرەدا مەبەست باوەڕو ئیمان بوونە بە ئاینی ئیسلامر) هەرکەسێک کە باوەڕی نەبێت بێبەشە لێیان (دەبێت ئینسانی باوەڕدار زۆر ئاقڵ و ژیربێت و ئاگاداری عەقیدەو بیرو باوەڕی بێت). بەهەمان شێوە ئەگەر سەیری دەقی وتاری مزگەوتی (B) بکەین پێی وایە هەموو ئەو کەسانەی کە دەچنە دەرەوە بۆ ئاهەنگ کەسانێکی نەخوێندەوارو نەزانن و ئەهلی مزگەوت نین و پێی وایە کە ئەهلی مزگەوت ناچێتە دەرەوەو کەسانێکن کە خوێندەوارو تێگەشتون.( هیچ موسوڵمانێکی خواپەرستی لەخواترس لەمر ڕۆژەدا ناچێتە دەر ....ئەوەی دەچێتەدەر کەسی نەزان و نەخوێندەوارو کەسی غەیری ئەهلی جومعەو جەماعەتن)

ئەگەر زیادە ڕۆی نەبێت ئەمر وەسفەی سەرەوەی گوتارێک بەرهەمر دەهێنێت ئەویش بریتیە لە گوتاری ئەهلی مزگەوت خوێندەوارو تێگەشت و کە ناچێتە دەرەوە بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ، لەبەرامبەردا گوتارێکیتری هاودژ کە هەر کەسێک ئەهلی مزگەوت و جەماعەت نەبێت ، نەخوێندەوارو ناتێگەشتون و هەر ئەوانەشن دەچن بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ. ئەوە لەکاتێکدا لە وتاری مزگەوتی(C) بەهەمان شێوە سیفەتێکی تر بۆ وەسفی ئیمانداران(ئیماندار لە تێڕوانینی مەلاکان ئەوانەن کە بەشداری سەری ساڵ ناکەن) بەکاردێنێت ئەویش ئەوەیە کە پێی وایە موسوڵمانی ئیماندار بە ڕەوشت و ئەخلاقەو بێباوەڕان بێ ئەخلاق و بێ ڕەوشتن( ئەمە جەنگی بێڕەوشتکردنی کۆمەڵگایە، لەژێر ناو دروشمی جۆراو جۆردا) بەڵام ئەگەر سەرنجی لە دەقی وتاری مزگەوتی (D) بدەین دەبینین کە سیفەتی قورس و سەنگین دەداتە پاڵ موسوڵمان، لە ڕێگەی ئەمر گوتارەوە دەیەوێت بە ئامادەبوان بڵێت کە بەژداریکردنت لە سەری ساڵ موسوڵمان بون و سەنگینیت دەخەیتە ژێر پرسیارەوە (موسوڵمان نابێت بە فیتووی هەموو کەسێک هەڵپەڕێت، موسوڵمان دەبێت قورس و سەنگین بێت)

بەر بنەمای تیۆری شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتار ، کە پێی وایە کار کردە گوتاریەکان (زمان) کاریگەری هەیە لەسەر کارکردە کۆمەڵایەتیەکان ( کارکردە نازمانیەکان ) دەشێت ئەمە وەک و هاندانی کردەی توندڕەوی سەیربکرێت و ئامادەبوان بەگشتی و بەتایبەتی گەنجان بکەونە ژێر کاریگەری وەها گوتارێکەوەو کردەی توندڕەوی لێبەرهەمر بێت.

لێرەدا وەک و ڕاستیەکی حەتمی ئامادەبوانی گوتاری ئاینی ناچالاکن (پاسیڤن) گوێڕایەڵ و بێ ئیرادەن و دەبێت گوێگرێت و قسەنەکات و ڕەخنەنەگرێت، ئەوەی لێرەدا مافی قسەکردنی هەیە تەنها وتاربێژە، کە پێی وایە بە ناوی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە قسەدەکات و قسەکانی ڕاستی ڕەهان. بەڵامر پێویستە ئەوە بزانین کە پاسیڤ بوونی ئامادەبوان لەکاتی وتار بەومانایە نایەت کە کاریگەر نەبن بە گوتار(کارکردەزمانیەکان) بەڵکو دەگونجێت ئەمر گوتارە لە ئایندەدا ببێت بە هۆی کردەی توندڕەوی لای ئامادەبوانی وتارەکە بە گشتی و گەنجان بەتایبەتی.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری ناوەڕۆکی گوتاری سەرجەمر وتارەکان بکرێک دەبینین گوتارێکی زبر و توندڕەوی و ئەویتر بە دوژمن زانین لە ناو سەرجەمی دەقەکان ڕەنگی داوەتەوە بە جۆرێک لە دەقی وتاری مزگەوتی (A) دەڵێت (کافرو بێباوەڕان حسودن بەرامبەر بە ئیسلامر و دەیانەوێت هەڵیانگێڕنەوە لە دینەکەی، داوێکە نراوەتە تەڵەیەکە ، ئەگەر موسوڵمان وریا نەبێت دەکەوێتە

ناوی ، دەبێت بە گاورو جولەکە). ئەوە لە کاتێکدا لە دەقی وتاری مزگەوتی(B) ئەمە بە جۆرێک لە داو تەڵەکە بەیان دەکات و پێی وایە کارێکی دوژمنکارانەیە بەرامبەر موسوڵمانان دەکرێت کە دەڵێت( ئەمە هەمووی داو و تەڵەیە نراوەتەوە). لە دەقی وتاری مزگەوتی(C) ئەوە ڕونتر دەردەکەوێت و داواکارە کە موسوڵمان بە کردار بیسەلمێنێت و بەرگری بکات لە دین و ڕەوشتەکەو دەڵێت( تۆی موسوڵمانیش دەبێت بجەنگی بەرامبەر بە بیرو باوەڕەکەت). بەڵام لە دەقی وتاری مزگەوتی(D) ئەمە بە جۆرێکیتر دەردەبڕێت و بە شێوەیەکی ترسێنەر بۆ ئامادەبوان دەدوێت و بە دەنگێکی بەرز دەڵێت(نەچیت بەژداری بکەیت لەو ئاهەنگەدا بە قسەیەکیش .چونکە ئەمە ولاء و بەرایە ، ولاء بۆ موسوڵمانان و براء بۆ شیرکە).

لە هەموو وتارەکانی سەرەوە ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە گوتاری ئایینی ( وتاری هەر چوار مەلا) قبوڵی خوێندنەوە و تەفسیری دەق و ڕەچاوکردنی کات و شوێن لە حوکمە شەرعیەکاندا ڕەتدەکەنەوەو، ئەمەش دەرگا بە ڕووی خوێندنەوەی نوێ، عەقڵانی و ئیجتیهادی نوێ ، بەڕەچاوکردنی کات و شوێن و نەتەوەو کۆمەڵگا و کولتوور دادەخات.(فەریق،٢٠١٨: ١٨٠). ئەمەش دەکرێت وەک و سیفەتی ناسینەوەی گوتاری سەلەفی و ڕادیکاڵ ببینرێت. هەر وەک چۆن لە دەقی وتاری مزگەوتی (D) ئەوە بە ڕونی دەبینرێت و وتاربێژ دەڵێت( هەندێک مەلای مەندیل بەسەر دەڵێن پیرۆزبای لە سەری ساڵ دروستە و هەندێکیتر دەڵێن دروست نیە ، بۆیە تۆ موسوڵمان دەڵێیت سەرمان لێ شێواوە و بڕوا بەکام بکەین، تۆ بۆ چی سەرت لێ شێواوە ئەزیزەکەم بەس بیهێنە پێش چاوی خۆت، کەسێک پیرۆزبای لە کەسانێک بکات کە دەڵێت کوڕی خوا لە دایک بووە ئەمە عەقڵ ڕێی پێدەدات؟ ئەمە ئیسلامەتی لەگەڵی دایە ، باهەزار مەلای مەندیل بەسەر فەتوات بۆ بدات ، عەقلت دینت ڕێگەت پێدەدات پیرۆزبای لە کەسانێک بکەیت کە دەڵێن خوا کوڕی هەیە ، نەچیت بەژداری بکەیت لەو ئاهەنگەدا بە قسەیەکیش .چونکە ئەمە ولا و بەرایە ، ولا بۆ موسوڵمانان و براء بۆ شیرکە ، هەرکەسێک ئاوا بو سەرکەوت و دەبێت هەرکەسێک ئاوا نەبوو ماڵی وێراندەبێت)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستەواژەو نیشاندەر و ئاماژەکانی ناو وتارەکان مەترسیەکانی ئەم جۆرە لە گوتارانە دەردەکەوێت بۆ نموونە و بە تایبەتی وشەی (کافر) لە ئاینی ئیسلام دا حوکمێکە کە تاکی تاوانبار لە ئایینی ئیسلام دەردەچێت و پێیان دەوترێت (مورتەد). بەم حوکمەش دەرەنجامی قورستری بێجگە لە دەرچوون لە ئایینی ئیسلامی هەیە ، کە لە (رساله الایمان )ی صالح سریە دا هاتووە " ڕشتنی خوێنی کەسی دەرچوو لەدین حەڵاڵە، هاوسەرەکەی لێی حەرامە، دوای مردنی نابێت نوێژی لەسەربکرێت و لە گۆڕستانی موسوڵمانان بنێژرێت. ئەم کەسەش لە میرات بێبەش دەکرێت.(سید حسین.و.ئارام محمود، ٢٠١٧) دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە دەرئەنجامی دەرکردن(مرتەد) بەهۆی جیاوازی بیروڕا لە بوارە ئایینییەکاندا تەنها لە خودی ئایینەکەدا سنووردار نەکراوە، بەڵکو بە دەرکردن لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییش کۆتایی دێت. حوکمی فیقهی کوشتن بۆ کەسێک کە لە ڕوانگەی باوەڕەوە بە لادەر ناسرابوو، ڕەهەندی سیاسییە، حوکمی قەدەغەکردنی نوێژی مردوو لەسەرجەستەی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە و حوکمی دابەشکردنی موڵک و ماڵی خۆی لەنێوان موسڵمانانندا وەک غەنیمەت، فشار و ستەمکردنە لە ڕەهەندی ئابووری.

### 6. 3 شیکردنەوە دەق لە ئاستی ڕوونکردنەوە :

قۆناغی ڕوونکردنەوە دیدێکی تایبەت لە خۆ دەگرێت سەبارەت بە گریمانە کولتووری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ناسنامەی کۆمەڵایەتی کە لە دەمەزراوە گوتاریەکاندا جێگیرکراون.

ئەمەش لە سێ پرسیاردا کورت دەکرێتەوە.( Fairclough,1989:166 )کە لێرەدا ڕاستەخۆ وڵامی ئەم پرسانە دەدرێتەوە لە ڕێگەی ئەم ئاستەی شیکردنەوە بۆ هەر چوار دەقی وتاری وەرگیراو

١_ دیاریکەرە کۆمەڵایەتییەکان: چ پەیوەندییەکی دەسەڵات لە ئاستی بارودۆخی، دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا یارمەتیدەرە لە داڕشتنی ئەم گوتارە؟

ئەگەر ڕاستەوخۆ وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە سەبارەت بە باروو دۆخی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ئەوە دەبینین کە ( دامەزراوەی ئایینی) وەک و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی یاسای لە ناو کۆمەڵگادا دژی داڕشتنی هەرچوار دەقی گوتارین. بە بەڵگەی ئەوەی لە ماڵپەری سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، و پۆرتاڵی ڕەسمی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ، لە ژێر دروشمی ( وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاردەکات بۆ کاراکردنی گوتاری ئایینی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی هزری میانڕەوی وبنبڕکردنی هزری توندڕەوی و وشکردنی سەرچاوەکانی بیری توندڕەوی و بەجێهێنانی هاوسەنگی، توندوتۆڵکردنی فەلسەفەی پێکەوەژیانی ئایینی و یەکتر قبوڵکردن.

ئەگەر سەرنج بدەیین سەرجەمی دەقی وتاری شیکراوە دژی ئەم دروشمە فەرمیەی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیە وەک و دامەزراوەیەکی ڕەسمی پەیوەندار بە گوتاری بەرهەمهاتوو.

٢- ئایدۆلۆژیەکان : گوتارەکان لەسەر چ سیمایەکی ئایدۆلۆژی بەرهەم هاتوون ؟

دیسانەوە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە لە هەرچوار دەقی وتاری مزگەوتەکانی(A,B,C,D) پەیوەندارە بە وڵامی پرسیاری یەکەم ، لەبەر ئەوەی وتارەکان لەدامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە ئاراستە کراون، کەوایە سەرجەم وتارەکان سیمایەکی ئایدۆلۆژی ئایینیان هەیە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەمک و دەقی پرۆزەوە هەوڵی کۆنترۆڵی مێشک و دەرونی گوێگران و ڕێگریکردن لەکردەیەکی کۆمەڵایەتی کە ئەویش ئەنجام دانی (جەژنی سەری ساڵ) و (پیرۆزبایکردن) و جەختکردنەوەیە لەسەر تکفیر کردنی بەژداربوان ، هەر وەک وتاربێژی مزگەوتی(A) بۆ پشتگیری ئەم ئایدۆلۆژیە وتاریەی کە لە پشتی قسەکانیەتی دەیەوێت لە ڕێگەی دەقی قورئانیەوە مۆرکێکی ئایینی و بەپیرۆزکردن و ئاسایکردنەوە بەبەر ئەم گوتارە دژ بە سەری ساڵ و ئەویتری جیاوز دابکات و دەڵێت ( ***لقد كفر الذين قالوا إن الله ثالث ثلاثة***......)

لەدەقی وتاری مزگەوتی(B) هەمان ئایدۆلۆژیای دژە ئەوانیتر لە گوتارەکەیدا دەبینرێت و لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تەکنیکی ماناسازیەوە دەیەوێت ئایدۆلۆژیا دژ بە (جەژنی سەری ساڵ) لەم ڕێگەیەوە سروشتی بکات و تەنانەت مۆرکێکی ئایینیش بەبەر ئەم گوتارەی خۆیدابکات و دەڵێت(چونەدەر و دڵخۆشی دەربڕینو پیرۆزبایی پێی کافردەبیت....قەسەم بەخوا بچیتەدەرو پیرۆزباییان لێبکەی پێ کافردەبیت و وەک و ئەوان کافرو موشریکی)

دەقی وتاری مزگەوتی (C.D..)جیاوزنین نیبە لە هەردوو دەقی پێش و بەهەمان نەزمی گوتاری و ئایدۆلۆژی دژە (جەژنی سەری ساڵ) و دژە ئەویتری جیاواز بەردەوامر دەبن و بۆ ئەمەش دەسەڵاتی دەقی قورئان بەکاردەهێنن بۆ هەژموونکردنی ئایدۆلۆژیای خۆیان و لە ڕێگەی ئەم دەقانە، هەموو ئەو کەسانە بەکافردەکەن (تکفیر) کە بەشداری لەو بۆنەو ئاهەنگەدا دەکەن و دەڵێت(ئێستا کاتی ئەوەیە زیاتر لە ئایەتی- قول هو الله احد، تێبگەین)

(تۆ دەچیت بەژداری لە ئاهەنگێک دەکەی خوای گەورە دەفەرموێت ( قول هو الله احد......) لە کاتێکدا تۆی موسوڵمان هەموڕۆژێک ئەم سوڕەتە ئەخوێنی کە لە بەر تۆی موسوڵمان ناو بازاڕو حەفلەو ئاهەنگەکانیان بەر کابرای نەسڕانی ناکەوێت، جاری تۆ لە حەقیدەو بیرو باوەڕدا لە کوێیت ؟)

٣_کاریگەریەکان: ئەم گوتارە لە پێوەندی لەگەڵ (ململان و خەباتەکان) لە ئاستی بارودۆخی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتیدا چۆن هەڵکەوتووە؟ ئایا ئەم ململانێیانە ئاشکران یان شاراوەن؟ ئایا گوتارەکە نۆرماتیڤە سەبارەت بەدەسەڵاتی هەنووکەی یان هەوڵی گۆڕینیان دەدات ؟

هەر وەک لە وڵامی پرسیاری یەم و دووەم، دەردەکەوێت ، کە سەرجەم وتارەکان سەر بە دامەزراوەی ئایینن و لەژێر نەزمی گوتاری ئایینی و ئایدۆلۆژیای ئایینیدان و لە بارودۆخێکی ململانێدان لەگەڵ گوتاری هەبوو لە واقعی کۆمەڵگای کوردی و دژی گوتاری پێکەوەی و ڕیزگرتن لە ئایین و نەریتەکانی ئەوانیترن (جەژنی سەری ساڵ) وەک و نموونەیەک لە نەریت و جیاوازی ئەوانیتر لە هەوڵی قوڵپکردنەوەی ئەم کۆنتێکستە دایە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئادۆلۆژیای ئایینی و هەژموونی دەسەڵاتەکانی ئایینی وەک و پراکتیکێکی گوتاری .

**7. 1 تاوتوێکردنی تیۆری توێژینەوەکە** : لەدەرەنجامی شیکردنەوەی ڕەخنەیی گوتار بۆ وتارەکان ئەوە دەردەکەوێت کە یەکێک لە و گوتارە زاڵانەی کە لە دژایەتی و ململانێدایە لەگەڵ گوتارەکانیتر، گوتاری خۆ بە ڕاستزانینێکی ڕەها وەک و بنەمایەکی ئایینی و ئەویتر بە دوژمن زانینە وەک و( جولەکەو گاور) لە لایەک و ئەویتری موسوڵمانی ( مورتەد)ە ، ئەوەش دەشێت هەمان ئەو گوتارە زاڵەبێت کە لە تەواوی جیهانی ئیسلامی داو بەتایبەت گوتاری سەلەفی و حیزبی ئیسلامی دا دەبینرێت و بووەتە مۆرکی ناسینەوەی گوتاری ئایینی ئەم ڕەوتانە لە دونیای ئێستادا، بە گەڕانەوەیەکی مێژوویش دەکرێت هەست بەوە بکەین کە دروستبوونی وەها گوتارێک لە دونیای واقعی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان زۆر کۆن نیەو سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی حیزبە ئیسلامیەکان و ڕەوتە سەلەفیەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو. ئەم جۆرە لە گوتار باڵی بەسەر زۆرینەی حیزب و ڕەوتە سەلەفیەکاندا کێشاوە، ئەو حیزبە ئیسلامی و ڕەوتە سەلەفیانەش کە گوتاری جیاوازیان هەیە دژی ئەم گوتارە زاڵەنین و دژە مامەڵە نانوێنن بەرامبەری.

گرنگی دامەزراوەکان لای فێرکلاف وای کردووە کە گوتارەکان بە گوێرە دامەزراوەکان دابەشبکات، دەبێت ئەوەمان لەبەر چاوبێت کە وتاری هەر چوار مزگەوت سەرجەمیان پەیوەستن بە دامەزراوەی ئایینیەوە، سەرجەمی دەقەکانیش دەکەونە ژێر نەزمی گوتاری ئایینیەوە و پراکتیزە گوتارییەکانیش لەناو وتارەکاندا زیاتر باسی موسوڵمان و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خواو مامەڵەیە لەگەڵ ئەویتری ناموسوڵمان. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە ئەم گوتارانە دەکەونە ژێر پراکتیزەی ئایینی و هەر ئەو نەزمە گوتاریەش ئاراستەیان دەکات. ئەم نەزمە گوتارە ئایینەشە کە بە پێی ویست و ئامانجەکانی خۆی و بە گوێرەی ستراتیژیەکانی گوتارەکانی ئاراستەدەکات بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەری لەسەر ئامادەبوانی گوتارەکان دابنێت. ئەمەش لەم وتارانەدا دەبینین کە مەلاکان چۆن

و بە چ شێوەیەک دەیانەوێت ئەم ستراتیژیە بەکاربهێنن بۆ تەکفیر کردنی ئەوانیتر کە بە گوێرە تێڕوانیینەکانی ئەوان بیر ناکەنەوەو ڕەفتار ناکەن . ئەمەش وەک و بنەمایەکی بونیادی گوتار لێکدەدرێتەوە لە تیۆری شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتار لای فێرکلاف کە پێی وایە گوتار سێ ئەرکی بونیادی هەیە کە ئەوانیش :-

یەکەم: بنیادنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی، دووەم: گوتار یارمەتیی بنیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات لەنێوان خەڵکدا، سێیەم: گوتار بەشدارە لە بنیادنانی باوەڕ و مەعریفەدا.

ستراتیژییەکانی گوتاری تەکفیری، لە کۆی دەقی وتارەکان دا هەستی پێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەیدا کە هەر گوتارێک خاوەنی ستراتیژییەکی تایبەتی خۆییەتی، گوتاری ئایینیش بەتایبەت لە هەوڵی ئەوەیەدایە کە ستراتیژییەکی جیاواز و بەهێز پەیڕەوبکات لە پێناو سەپاندنی دەسەڵاتە ئایینیەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا. هەرچەندە گوتاری تەکفیری ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی خۆی لە میراتی ئیسلامیدا هەیە،کافراندنی موسوڵمانان گەورەترین جۆری زێدەڕۆیی بیرو باوەڕییە لە مێژووی ئیسلامدا پەیدابووەو مەترسیدارترین داهێنراوی خراپیشە لە ئیسلامدا دەرکەوتبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەواریجەکان لە سەرەتای ساڵی ٣٧ی کۆچی.(عبدالعزیز،٢٠٢٠: ١٤٥) سەرەڕای هەمەچەشنی چالاکییەکانی، بەڵام گۆڕانکارییە هاوچەرخەکانی لە ستراتیژی و میکانیزمەکاندا کاریگەرییەکانی لە ئاراستەکردنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر بە تایبەتی قووڵتر کردووەتەوە . لە ڕوانگەی شیکاری گوتارەوە، ستراتیژ بە یەکێک لە مەرجەکانی بەرهەمهێنانی گوتار پێناسە دەکرێت کە پێکهاتە و سیستەمەکانی دەسەپێنێت، هەروەک چۆن میتۆدەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئامادەبووانی گوتاردا دەسەپێنێت، ستراتیژییەکان "ئاماژەن بۆ خودێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ژمارەیەک چەمک و نیشانەدەری زمانەوانی بە ئاگایی یان نائاگا" بە مەبەست یان بێمەبەست کە لە ئاراستە و ئامانجەکانی گوتارەکەدا دەگۆڕێت بۆ سنووردارکردنی چالاک. ئەم ستراتیژە سێ ئامانجی هەیە(أكوافيفا، سابينو وباتشي،٢٠١١: ٥٣٤)

آ_پێدانی شەرعیەت . ب_ دڵنیابوون لە متمانە . ج _ سەرنج ڕاکێشانی خەڵک.

ئەمەش لەکۆی وتاری ئەم مەلایانەدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەویش بە ئاماژەدان بە چەندان ئایەتی قورئانی و حەدیس بۆ شەرعیەتدان و دڵنیای لە بەدەستهێنانی هەست و سۆزی ئامادەبوانی وتارەکانیان و ڕاکێشانی سەرنجیان لەسەر بابەتی ئاراستەکراو.

گوتاری تەکفیر لە ڕوانگەی دامەزراوەی ئایینیەوە ڕەنگە هەر کەسێک بکاتە ئامانج کە لەو مۆدێلە کولتوورییە لابدات کە ئەم دامەزراوەیە لە پراکتیزە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانەدا کۆنترۆڵی دەکات. لەوانەیە ئەم هزرە لەکاتی موتالاکردنی دەستەواژەیەکی شوکری مصطفی(التكفير والهجرة) چاکتر ڕوونبێتەوە کە دەڵێت (ئیسلام بریتی نییە لە وتنی هەردوو شایەتمان بەڵکو کارو چەسپاندنیەتی(لسعید، ١٩٩٦: ٥٢) ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم وتارەدا، مەلای مزگەوتی(A )وێوەتر دەڕوات و دەڵێت (شەعائیرەکانیان جێبەجێ بکەیت ، پیرۆزباییان لێبکەیت ، ئا ئەمە سنوری کوفرە! نابێت ئەم هێڵە سورە ببەزێنی ، بەزاندت چویتە ئەودیوو لەگەڵ ئەوانی ، نەت بەزاند لە دائیرەی ئیسلامایت). دەکرێت ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر ئاراستەکردنی لایەنی هزری و کرداری ئامادەبوانی وتارەکە و بەتایبەت گەنجان، وەکو بونیادێکی مەعریفی کە فێرکلاف باسیدەکات، لێکبدرێتەوە. هەر وەک و پێشتر باسکرا لەوانەیە ئەم جۆرە لە گوتار بەجۆرێک لە جۆرەکان وەکو فتوا سەیربکرێت و بەوەی کە هەرکەسێک بەژدابێت لە وەها بۆنەیەکدا ئەوە بێباوەڕە، لەوەها هەلومەرجێکیشدا کردەی توندڕەووی و تەنانەت توندووتیژیش ئاساییە بەرامبەری بکرێت بەر بنەما شەرعیەکانی ئایینی ئیسلام و ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەی خوا (د.خ) کە دەفەرمووێت (هەر کەسێک لە ڕێڕەوی ئیسلام دەرچوو بە تیژی شمشێر لێیبدەن (السعید،١٩٩٦: ٥٢).

تا ئەو ڕادەیەی ستراتیجی گشتاندنی گوتاری ئاینی ڕێگە بە پێکهێنانی چەمکی تەکفیری دەدات لە وەڵامی پێداویستییە کولتوورییەکان کە واقیعی کۆمەڵگا موسڵمانە هاوچەرخەکان پێویستی پێیەتی، خەمی سیاسی ڕێڕەوی ئەم گوتارەی لە قاڵب داوە، هەروەها نیگەرانییەکانی نوخبەی ئایینی ئاشکرا دەکات کە خەریکی خەباتێکە دژی کەسانی تر، کە ناوی دەبات بە" دوژمنانی دین" کە هەڵگری هەر پرۆژەیەکی فیکریی بێت، کە پێیان وایە کە هەڕەشە لە سیستەمی دامەزراوەیی و کولتووری ئایینی دەکات. تەکفیر چیتر پێشێلکردنی کۆنترۆڵە عەقیدییەکان نییە کە پەیوەندییان بە ڕاستی ئیمانەوە هەیە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ بە ئامانجکردنی بەهاکانی مۆدێرنیتە و( دیموکراسی ،عەلمانییەت و عەولەمە )2 چونکە پێیان وایە ئەم پرۆژە فیکریانە کاریگەریان هەیە لەسەر باوەڕداران.

[2] دەقی وتاری مزگەوتی(A)

**8. ئەنجام :**

گوتاری هەر (چوار لە دەقی وتار) کە لەسەرەوە خراونەتەڕوو، سەرجەمیان دەیانەوێت لە ڕێگەی نەزمێکی گوتاری و پراکتیزێکی گوتاری تەقلیدی و خوێندنەوەیەکی سەتحی و سەلەفیانە بۆ دەقەکان و گوێنەدانە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و هاوردەکردنی تەفسیری دەق و بیرو بۆچونی زانایانی ئایینی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی، پێمان بڵێن کە تەفسیررو خوێندنەوەی دەقەکان نابێت لەژێر کاریگەی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی بێت و دەبێت هەمیشە دەسەڵاتی گوتاری ئایینی واقع ئاراستە بکات و خوێندنەوەو تەفسیری تازە قبوڵکراو نیە، هەر ئەمەشە بووەتە جێگەی ڕەخنەیی توێژەران لە گوتاری ئاینی و بەرهەمهێنانی بیری نامۆ بەکۆمەڵگاو سەرەنجام بیری توندڕەووی و توندووتیژی لەلایەک و ڕەتکردنەوەی پلورالیزمی ئایینی و پێکەوەژیان و ڕیزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و دیموکراسی. ئەم جۆرە وتارانە، گوتارێکی ئایینی پڕ لە ڕق و قین و ئەویتر بە دووژمن زانین و دژە لێبوردەیی لەناو کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی توێژی گەنجان وەک و پراکتیزەیەکی گوتاری بەرهەم دەهێنێت.

ئەم جۆرە لە گوتار ڕێگە خۆشکەرە بۆ جێبەجێکردنی سنووردارکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی پێکەوەژیان و زیان بە ژیانی ئاشتیخوازانە و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت بە جۆرێک وەک پراکتیزەیەکی گوتاری بووەتە بەرهەم هێنانی گوتارێکی دژ بەو گوتارە باوەی کە بەدرێژای مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە ، کە ئەویش گوتاری ڕێزگرتنو پێکەوا ژیانی ئاشتیانەیە لە نێوان سەرجەم ئاین و ئاین زاکانی کوردستان. ئەمەش لە تیۆری لاکلا و موفەدا پێی دەوترێت پرۆسەی پەراوێزخستن، گوتارێکی باڵادەست هەوڵدەدات ئەو مانایانە پەراوێز بخات کە گوتارە ڕکابەرەکان دابینی دەکەن.

ئێمە پێمان وایە تەکفیرکردنی خەڵک لەسەر(بەژداری کردن) و (پیرۆزبایکردن) و ( ئاهەنگ گێڕان لەسەری ساڵ) و ( چونەدەرەوە لە شەوی سەری ساڵ) کێشەیەکە بەهۆی تێنەگەیشتن لە دەق و چەسپاندنی فیهقە بەبێ گوێدانە کۆنتێکستی مێژووی و کولتووری بەرهەم هاتووی ئەم بۆچوونانە و دووبارە سەپاندنیان و بەکارهێنانیان لە وەها کۆمەڵگایەکی نوێ و سەردەمیانە، کە ئەمەش بە بیانو و پاڵپشتی گونجاوی و ڕەهایی بۆچونە دینیەکان هەژموونی خۆی دەسەپێنێت لە کۆمەڵگادا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە کە سەرجەمی گوتاری مەلاکان دژی مەسیحی و جولەکەکان نین بەتەنها، بەڵکو دژی موسوڵمانانیشن کە وەک و ئەوان بیرناکەنەوەو وگوفتارو ڕەفتاریان جیاوازە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕاستیانەی کە وەکو نیشاندەرێک دیاریکراوە بۆ بیری توندڕەوی و توندڕەوان. بەهەمان شێوە لە زۆربەی وتارەکاندا هەست بەوەدەکرێت کە ئەم گوتارانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەستکردن بە هەڕەشە بۆ سەر دین و عقیدەیان و بە پلانی ئەوانیتری دەزانێت بۆ سەر موسوڵمانان، ئەم حاڵەتەش لە ڕوداوە گوتاریەکان بە ئاشکرا دێتە بەرهەم و لە زۆربەی میمبەری مزگەوتەکانەوە و وتاری ڕۆژانی هەینی ئەمە هەستی پێدەکرێت و لە ناوەرۆکی وتارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم نموونە وتارانەی کە لەم بەشەدا شیکراونەتەوە سەرجەمیان دەرخەری ئەم ڕاستیەن.

هەر کۆمەڵگا و گروپێکیش هەستی بە زەلیلی و هەڕەشەبکات و ترسی لە بوونی هەبێت، مەیلی بەرهەمهێنانی توندڕەوی توندوتیژی دەبێت، بەجۆرێک کە ئەم توندڕەوانە توانای ئەنجامدانی ترسناکترین کردەی توندوتیژیان دەبێت، لەژێر کاریگەری ئەو باوەڕەی کە ئەوان ڕاستن و شایەنی پاداشتی دونیاو دوارۆژن ئەم هەڵوێستەش دەشێت وەکو بەرگریکار لە دین و ئیمانی موسوڵمانان لێک بدرێتەوە و ببێتە جێگەی شانازی بۆ بکەرانی وەهاکردەیەک لە کۆمەڵگادا. یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی توندڕەووی، دروستکردنی سنورە لە نێوان ئێمەو ئەوان ،دیسانەوە ئەمەش لە هەموو وتارەکان دا جەختی لەسەرکراوەتەوە، ئەمەش وەک و تایبەتمەندیەکی شوناسی دینی سەیردەکرێت.

**9. پێشنیار و ڕاسپاردەکان :**

١. لایەنی پەیوەندیدار، بەتایبەت وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری زیاتر و بەگاتربێت لە ئاراستەکردنی گوتاری ئایینی( وتاری مزگەوتەکان) لە کۆمەڵگای کوردی.

٢. پێوەرەکانی بوون بە وتاربێژ چاوی پێدابخشێنرێتەوەو لە پاڵ بنەمای ئاستی زانستی، گرنگی بە ئاستی هۆشیاری و تێڕوانینی مرۆی( وتاربێژ) لەسەر ئەساسی مرۆڤ سالاری و پلورالیزمی ئایینیێت.

٣. گرینگیدانی لایەنی پەیوەندیدار بە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و تێگەیاندن و پێگەیاندنی، بەردەوامی وتاربێژان بە کردنەوەی خول و وۆرکشۆپی تایبەتی لەلایەن کەسانی پسپۆڕو مرۆڤ دۆست.

## 10. لیستی سەرچاوەکان

### 10. 1 سەرچاوە کوردییەکان:


- پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە(٥) ساڵی ٢٠١٥.
- سید حسین نظام الدینی، و ئارام محمود، سەلەفیە تەکفیرییە جیهادیەکان، خواست و ئەندێشەکانیان
- https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5073.%22- سەنگەر یوسف، عبدالسمیع محمد،(٢٠٢٠) بیری توندڕەوی فاکتەرو میکانیزمەکانی ڕێگریکردنی لە هەرێمی کوردستان.
- عبدولعەزیز، عمر، ٢٠٢٠. زێدەڕەوّی لە ئایندا ،و، هاوکار خانەقایی: ،ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی چ١-عبدالعزیز، عمر،٢٠١٥، وتاری هەینی هاوچەرخ ، چ سارا ، سلێمانی چاپی یەکەم
- عدنان سید ئەمین،(٢٠١٩) توندڕەوی ئاینی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،.....سلیمانی
- فەریق، هەورامان،(٢٠١٨) پەروەردەی ئیسلامی وململانێی گوتارەکان،ناوەندی سارا،سلێمانی
- کریم ، ماکوان،(٢٠١٦) گوتاری اسلامی سیاسی لەنێوان ئێستاو مێژوو،چ١.
- -محمدی، حاجی زادە،(٢٠٠٦)فەرهەنگی سیاسی ئارەش،چابخانەی ڕۆژهەڵات، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.


### 10. 2: سەرچاوە عەرەبییەکان:


- أكوافيفا، سابينو وباتشي(٢٠١١) إنزو، علم الاجتماع الديني، ترجمة: عز الدين عناية، كلمة، ط ١.
- بن مرزوق،عنتر،(٢٠١٨) ظاهرة التطرف الديني في المجتمعات العربية،مجلة العلوم الانسانية،عدد٤٩،جوان ،المجلد أ ص. ١٩٩_٢١٠.
- الحميرى، عبدالواسع،(٢٠٠٩) ما الخطاب وكيف نحلله، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع،الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.
- حمزة المعايطة، مخلد الزعبي،(٢٠٢٠)  الارهاب والتطرف الفكري،المجلة العربية للنشرالعلمي، عدد٢٣، ايلول.
- زهير الرواشدة، علاء،(٢٠١٥) وجهه نظر الشباب الاردني من الايديولوجيي التطرف، المجلد للدراسات العربية، الرياض
- السعيد،رفعت،(١٩٩٦) التأسلم..فكر سلح، دار الطليعةالجديدة،سوريا-دمشق،ط١.
- سيد فهمي، محمد،(٢٠٠٧) العولمة  والشباب من منظور اجتماعي، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية
- شيخ عمر الهواية،(٢٠١٥) تقنيات الاقناع في الخطاب الديني، أطروحة  دكتورا غير منشورة،  جامعة وهران_الادب واللغات.
- مبيور، سايمونم،(٢٠٠٩)  الشباب والتربيه الديمقراتي: نقد الواقع والممكنات، المجله احترام السودانييه للثقافة الحقوق الانسان وقضايا تعدد الثقافي، عدد العاشر،مارس.


### 10. 3: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:-


- Barbara jonstone (2008) Discourse Analysis, Second Editioon, Blackwell publishing, Oxford university
- Fairclough, N. (1992) Discourse and Social Change, London: Polity Press
- Fairclough, N. (2010) p:532 Critical Discourse Analysis: The Critical Study of Language, London: Routledge
- Fairclough, N. (2003) *Analyzing Discourse*, London: Routledge.
- Fairclough, N. 1989, Language and Power, published in the United States of American, Longman Inc., New York
- Jorgensen, M. and Phillips, L. J. (2002) p: 67 Discourse Analysis as Theory and Method, London: Sage
- Kundanani, A. (2012) Radicalization: the journey of concept, Sage.
- Locke, T. (2004) *Critical Discourse Analysis*, London: Continuum International Publishing Grou
- Keller, R. (2013) Doing Discourse Research, London: Sage
- Miriam Hoexter and others, (2004) The public sphere in Muslim societies, The Van Leer Jerusalim Institute, State University of New York.
- Sipra, M. A. and Rashid, A., (2013) Critical Discourse Analysis of Martin Luther King's Speech in Sociopolitical Perspective, *Advances in Language and Literary Studies*, Vol. 4 No. 1, pp. 27-33.

# The Signs of Religious Violence in Religious Discourse Friday's Speech in the Raparin Administration as An Example

**Media Ibrahim Fattah**
Sociology Department, college of Art, Soran University-Erbil
media.fatah@soran.edu.iq

**Hiwa Ahmed Aziz**
Department of Sociology, college of Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil. Kurdistan Region, Iraq.
hiwa.a.aziz@su.edu.iq

**Abstract**

This research tries to analyze the four texts of the speeches received in the mosques of the Raparin administration ،all of which are related to the New Year's Celebration due to the situation of the New Year and the participation of Muslims in this celebration and the question of the right and wrong (halal and haram) on the one hand ،Penance ،and the disbelief of Muslim participants on the other side ،which is interpreted as a sign of speech and language for the growth of extremist thought. In society and the development of violence ideas by young people ،as an effect of religious discourse on social action.

**Keywords:** Discourse, Religion Discourse, Extremism, Religion Extremism.

## مؤشرات العنف الديني في الخطاب الديني خُطَب يوم الجمعة في أدارة رابرين أنموذجا

**ميديا ابراهيم فتاح**
قسم علم الاجتماع، جامیعة سوران
media.fatah@soran.edu.iq

**هيوا أحمد عزيز**
قسم علم الاجتماع ،كلية الاداب،جاميعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،أقليم كوردستان ،العراق.
hiwa.a.aziz@su.edu.iq

**ملخص**

بالأعتماد على منهج تحليل الخطاب لنورمان فيركلاف، تعمل هذه الدراسة على تحليل أربعة خُطَبٍ من خُطَب يوم الجمعة في مساجد أدارة رابرين، والتي تم القائها جمعيا في ظروف خطابية خاصة بمناسبة أعياد رأس السنة الميلادية الجديدة. تدور الخُطَب حول مشاركة المسلمين في تلك الأحتفالات و مدى كونها مسموح بها دينيا أم لا (قضايا الحلال والحرام) من ناحية, وتكفير المسلمين المشاركين فيها من ناحية أخرى, وهذا يُعَد مؤشر ا خطابيا ولغويا لنشأة و تطور فكر العنف الديني في المجتمع، وخصوصا لدى الشباب وذلك بسبب تأثيرات الخطاب الديني على السلوك الأجتماعي.

**الكلمات المفتاحية:** الخطاب، الخطاب الديني، التطرف، التطرف الديني.